بنەمایەکی ئەنتەلۆجی بۆ ڕەخنە
بەشی دووەم ... هەرەم عوسمان

بەشی دووەم: ڕەخنە و هەستنگاندن

یەکەم: ڕەخنەی رادیکاڵ:

نووسین وەک ئاگاری تەکست تەنیا بابەتێکی ناسین نییە، بەڵکو نیشاندانی ڕاستی بوونە. لەڕوو تەکست لەسەر تاقیگەی خوێنەر بە پشکنین ڕاوەستاوە، بەڵکو لەسەر پەیوەندی بە تیاژیان وەستاوە. لەبەرئەوەی نووسین وەک ئاگاری تەکست ڕاستی بوونی تێدایە، ئەوا جۆری پەیوەندیمان ڕاستی نووسین دەردەخات یاخود ونیدەکات. هاوکات تێگەیشتن سروشتێکی مرۆڤانەی هەیە، لەڕوو پەیوەندی واتا پەیدا دەکات؛ کاتێک نووسین لە تێگەیشتنەوە بۆ تێگەیشتنە(٤٨). تێگەیشتنی دازاین لە بوونی خۆی، بنەمای تێگەیشتنە لە نووسین. وەک هایدیگەر دەڵێت" تێگەیشتن لە جیهان بەردەوام تێگەیشتنە لە بوون-لە-نێو. تێگەیشتنیش لە بوون تێگەیشتنە لە جیهان"(٤٩) کاتێک نووسین نایەتە دەنگ و ڕەشنابێتەوە، مانای ئەونییە نووسین ناتێکستە، دەکرێت کەشێ لە ڕوانین و کەم ئاشنایی بخوێن لە خۆی و خۆی پێویست بەتیاژیانی لەناو نووسیندا بێت. هەروەک ڕەشنبووندەوەی نووسین بەڕوانینی تێگەیشتنئامێزو تیاژیان و ڕاڤەو بەشداریکردن و ناسینەوەی ئەزموونی بوون پێویستە.(٥٠) لەم ڕوانینەوە ڕەخنەیەکی رادیکاڵ لەو دابڕانو کاردانەوانەی مەژووی ڕەخنە دەگرین، کە هەرجارەو یەکێک لەسەکوچکەکیان مراندووە، لە کاتێکدا تێگەیشتنی هەریەکێکیان بە ئەویدیکە نەکردیەو لەسەر بنەمای پێوەندی نەوانیان ڕەخنە دەژی. هایدیگەر نموونەی گوتن و بیستن دەنێتەوە، کە دازاین دەبیستێت بۆیە تێدەگات، گەر نەبیستێت تێناگات، هاوکات گوێگرتن بە گرنگتر لە بیستن دەزانێت، لەبەرئەوەی تێگەیشتنی ڕەسەنانەی لەدەکەوێتەوەو تەنیا هەستکردن بە بیستنێکی دەنگکانی سایکۆلۆجی نییە. خوێندنەوەی تێگەیشتنئامێزیش پێویستی بە نزیکبوونەوەو ئارامی و نیشتجێبوون هەیە، لەبەرئەوەی وەڵامی خوێنەری ڕەسەنی لەوە سازدەبێت؛ تێگەیشتن لە نووسین بنەمای وەڵامدانەوەی خوێنەرە. زەر بنووسیو خێندنەوە(بەمەبەست بنووسی-خێندنەوە دانراوە) مەرجی تێگەیشتن نییە، بەڵکو چەندێتی هاوبەشیکرن، تێداژیان و بەشداری ئاگاری تێگەیشتن زیاد دەکەن، وەک

هایدیگەر دەڵێت"کەسێک هەموو شتێک ببیستێت بەڵام نەتوانێت لێیتبگات. تێگەیشتن لە زمانی خوێندنەوەی رستەیەک تێگەیشتنی رستەیەکی لەدایکبووی خوێنەر ئەو لە بیر ناکات، کە لێرەدا(بەم بەستە دەق وەک کەس دانراوە) گفتوگۆ دەکات، هاوکات بخوێن و بنووسی نارستەیەک بابەتی ماموستا لێرەدا زمان و نووسیندا دەکەن. لەبەرئەوە لێرەدا جیاکارییەکی دیکە لەنێوان نووسین و تێکستدا، بریتییە لە کێیەتی تێکست، بابەتێتی و چییەتی ناتێکست. لێکاتێکدا لە رێخنەی کەندا زەرکات وەک شت و بابەت لە نووسینیان روانیوە. دەکرێت بڵێین بەو جۆرە ماموستاکردن لێرەدا نووسین جۆرێکە لە روانینی میتایانە بۆ تێکست، واتە سێیری تێکست وەک بوون نەکراوە، بەڵکو وەک هەبوویەکی دەرەکی سێیری کراوەو هەوڵدراوە، بەناوی خوێندنەوەو راڤە داگیر بکرێت، یان داگیربکات(هەکاری بادەستی نووسەرستێنتاری بۆ ئەم روانینە دێگەمتۆن). بەڵام لێرەدا پەمانوایە تێکست بابەت نییە و خودیش خود نییە، بەڵکو مرۆڤکمان هەیە لەنەو تێکستدا دەژی. واتە وەک هایدیگەر دەڵێت مرۆف دەڕاب نییە تاوەکو زانینی لەناودا هەبگیرێت، بەڵکو ئەو لەنەو جیهاندایە، هەروەک تێکستیش پاکێت نییە بۆ کردنەوەی، کەشفبکرێت.

١ــ نووسەرستێنتاری

تیۆرە میتۆدە رێخنەییەکانی بواری لێکۆڵینەوەی تێکست، بۆتایبەتیش تێکستی ئەدەبی گەلێک زەرن. لەبەرئەوە بۆپەی بایەخدانیان بە یەکێک لە سێکوچکەکە دابەشکراون، یاخود بۆپەی دابەشکردنی نووسین بۆ ناوەوە/رووخسار- دەرەوە/ناوەڕۆک. یاخود میتۆدی رێخنەی تێواوکاری، کە ناوەوەو دەرەوە تەهەکەش دەکات(٥٢). لەم بەشەدا بۆ کورتی رێخنە لە هەندێک لەو میتۆدە بنەڕەتیانەی، کە سێکوچکەکەیان لەیەک دابڕیوە دەگرین.
لەسەردەمی کۆنەوە نووسین راستەوخۆ بۆ نووسەرەوە پەیوەستکراوە. بۆتایبەت رەمانسیییەکانی سەدەی نۆزدە دەخی ئەدەبو رێخنەی ئەدەبیان بۆ نووسەرو تێگەیشتن لە نووسەر دەزانی(٥٣). هاوکات میتۆدە سیاقییەکانی وەک دەروونگەرایی و بیۆگرافی، واقعی، بەهەمانشێوە کار لەسەر دەروونو ژیننامەو واقعی ژیانو ژینگەی نووسەر دەکەن(٥٤). ئەم میتۆدانە کاریان لەسەر دەرون و ژینگەی نووسەر بۆ تێگەیشتن لە تێکست دەکرد، بەپێچەوانەشەوە لە تێکستەوە ژینگەو دەروونی نووسەریان دەردەخست(٥٥). واتە ئەمسەرو ئەوسەری رێخنە لە تێگەیشتن لەنووسەردا کەدبووە.

ئەم جارە لە بادەستی نووسەر، سەرئەنجام کاردانەوەو رەخنەی لێگیرا. دەتوانین یەکەم رەخنەی رادیکاڵ لە ‘خودا مردن’ی نیتشەدا تەبینی بکەین(٥٦). گرنگی راگەیاندنی ئەم مەرگە پەیوەست بە نووسەرستاری ئەوەیە، کە نووسەر وەک خواوەندێکی لێهاتبوو، هەموو شتێک لێلایەن ئەوەوە بە هەموو شتێک دەبەت بە لای ئەو بگەڕێنەوە. لە فەلسەفەدا نیتشە بە کوشتنی خودا یان ‘خەی’ تازەگەری شۆشێکی بەسەر ‘نووسەرستار’یدا کرد.(٥٧) ئەم شۆشە رەگەی بە دەقسەنتارەکان خشکرد بە ئەوەی لە لێکۆڵینەوەی نووسیندا بە نووسەر نەگەڕێنەوە، چونکە ‘نووسەر مردووە’ دەبەت بایەخ بە تێکست بدرێت. تێبینی دەکەین مەرگی ‘خودا-نووسەر-مرۆڤ’ پەرچەکردارن بە بادەستی و رەهایەتی ئەم هێزە، کە بەدرێژایی مێژوو هەیبووە. ڕەلان بارت لێنووسینێکی خێیدا بە ناونیشانی ‘مەرگی نووسەر-دانەر’ نموونەی بەڵزاک دەهێنێتەوە، کە لە بارەی ژنەکەوە دەنووسێتو پەسنی دەخی ژنێک دەکات. بارت لەو نووسیندا کەمێک پرسیارو گومان دەخاتەوو، کە ئایا بەڵزاک وەک نووسەرێک لە بارەی ژنەکەوە دەنووسێت، یان پاڕەوانی ڕەمان، یاخود ئەزموونی سایکۆڵۆژی دەداری نووسەرە؟ بارت لە وەڵامی ئەو پرسیارانەدا مەرگی نووسەر ڕادەگەێنێت، چونکە لە نووسیندا ‘دەنگوسەرچاوە’ لەناودەچن، لەبەرئەوە نووسەر ناتوانێت رەهێکی سەنتاری بگەێت، بەکو خودی تێکستەکە وەک جیهانێکی سەربەخۆ ئەو ڕەهە دەگەێت(٥٨). لەرەوە فرەدەنگی و فرەسەرچاوەیی دەتە ئاراوەو تاک نووسەری لەناودەچێت. ئەم رەخنەیەکی رادیکاڵبوو ئاراستەی نووسەرستاری کرد(٥٩). بەو پێیەی نووسەر ببووە خودایەک و هەموو زانینێک لەوەوە دەردەچوو.

لەرەدا تا ئەوشوێنەی، کە رەخنە لە نووسەرستاری دەگیرێت وەک تاقانەو بیری تاقانەیی نووسەر رەخنەیەکی گرنگ و بنەڕەتییە، بەڵام کاتێک رەخنەگرتنەکە تووندڕەوی تێدا دەکرێت و نووسەر دەسڕێتەوە، ئەوا رەخنە لەو بیرە سەرهەڵدەدات. بەپێی ئەم ئایدیا نوێیە نووسەر بوونی هەیە وەک چۆن نووسین هەیە. لەبەرئەوەی نووسین گوزارشت لەبوونی نووسەر پەیوەست بە لە جیهاندا بوون و لەگەڵ ئەواندا بوون و نیگەرانییەکانی دەکات. واتە تێکست تێگەیشتنی نووسەرە لە جیهان، بوون و بوون لەگەڵ، نووسەر بوونی خێی بە تێکست بەخشیوە، لەبەرئەوە تێکست و نووسەر لەزەرشوێندا ئاماژە بە یەکدی دەکەن، بوونی یەکدی لەنەو بووندا دەردەخەن. کاتێک نووسەر دەمرێنین ئەوکات بەرپرسیارێتی نامێنێت. مردنی نووسەر بریتییە لە مردنی تێگەیشتن لە جیهان و بوون، لە کاتێکدا تێکست بریتییە لە داهێنانی تێگەیشتن لە بوون و بوون لەنەو جیهان.

بگومان نووسەر عەمباری زانین نییە، بەڵام نووسەر زانەرە لەنێو جیهان و بوونداە. نەک وەک هەبوونیکی خواوەندئاسای وەک کۆجیتەی دیکارت'من بیردەکەمەوە، کەواتە من هەم'(٦٠)، کە بە تێگەیشتن تەنیا پێویست بە گەیانەوە بە بیری نووسەر بکات، ئەم هەبوونە بە بیرکردنەوە نییە، بەڵکو پێش بیرکردنەوە هەیە و بوونیشی پێویستە بە بوونی لەنێو جیهان و لەگەڵ ئەوان. گەیانەوە بە ژینگەو تەمەن، ئایدەلۆژیا، دەروونی، بچووککردنەوەی نووسەرە لەنێو بوونی ئەنتیک، دەرکردنیەتی لە پێشمەرجە بنەڕەتیەکانی بوونی.
بە واتایەکی دیکە 'نووسەر سەنتەری' خەی بەسەربەخۆ لە جیهان و بوون لەگەڵ ئەوانیتر دەزانێت، کە ئەمەش بەپێی ئەنتەلۆجیا نەکردەیە. هاوکات ئەم نووسەرسەنتەرییە بەهەی ئەم هەزە باڵاو رەفزکەرەوەیەی بە جیهان و بوون هەیەتی، خەی بە سەرچاوەو بنەمای زانین دادەنێت و لەرەوە پێیوەندی نێوان نووسەرو جیهان دەپچڕێت و جیهان لەبری نیشتمان دەبێت بە شوێنی داگیرکاری و رووخاندن(وەک چۆن لە شیعرەکەی گەراندا زانست رووخێنەرە، بەکوشتنی وەک دانەرێک بەرپرسیارێتی لە زانست دەسەنرێتەوە). نووسەر بەهەی بەجەوهەریەوە بە تێگەیشتنی لە جیهان و بوونی لەگەڵ ئەوانیترو نیگەرانییەکانی بە پرسین لەبوون جیهانی خەی بنیاد دەنێت، واتە تێکست داهێنراوی نووسەرە لەسەر بنەمای بوونی لەنێو جیهانو بوون لەگەڵ و نیگەرانیەکانی. لەبەرئەوە نووسەر جیهانسازی لەنێو جیهاندا دەکات. خوێنەری رەسەن لەسەر بنەمای بوونی لەنێو جیهاندا لە جیهانی نووسەر دەکۆتەوە، نەک وەک خەیەکی هەمووشتزان.

کەمێک ئەفسانە دراوەتە پاڵ نووسەر وەک (شاعیر شتێکی پیرەزو باڵدارە و سروشی لە خوداوە بە دەت، یان کولرج شیعری (کوبلەخان)ی لە خەوندا نووسیوەو لە ژێر ئەفسونی جادوێکدا بووە. یان مرەق دەبیستە بە ئەوەی گوێادەرەت، وەردەگرە بۆئەوەی بە دوایدا بگەڕێت و بپرسێت کە دەیداتە(٦١). ئەمانە بە کاری مرەق دوورە لە راستیەوە. لەرووی ئەنتەلۆجیەوە ئەم بۆچوونانە پووچڵنەو لەدەرەوەی ئەنتەلۆجی بوونی مرەق و پێشمەرجەکانن. نووسەر هەبوونێکە بە نیگەرانیەوە بوونی لەنێو جیهاندایەو لەگەڵ ئەوانیدایە، نە پیرەزو نە باڵدارە، بەڵکو ئاگامەندو زانەری نێو جیهانە. نووسەر بەهەی ئەوەی ناتەواوەو بە نیگەرانیەوە لەنێو جیهاندایەو لەگەڵ ئەوانیتردایە و ئاگامەندە پەرۆژەی تێکست داهێنێت. واتە تێگەیشتنی نووسەری رەسەن پێیوەست بە ناسینی جیهان و ئەوانیدیکەو نیگەرانی بۆیان بوونی خەی و جیهانی خەی دادەهێنێت. خوێنەری رەسەن بەو پێشمەرجانەوە لەنێو تێکستی نووسەردا کاردەکات،

واتە جۆرە کارلێکێک لەنێوان تێگەیشتنی خوێنەری رەسەن بە بوون و جیهان و ئەوانی دی پێوەست بە نیگەرانییەوە لەنێو تێکست رووئەدات و سەرئەنجامی ئەم پێوەندییە خوێنەری رەسەن جیهانی خۆی سازدەکات. نووسەروخوێنەر دوو هەبووی نێوجیهانن و خاوەن تێگەیشتنن، بەڵام خاوەنی دوو ئەزموون و تێگەیشتنی جیاوازن، لەسەر بنەمای ئەم جیاوازییە داهێنانی تێکستی دیکە دێتەئاراوە. بەهۆی ئەم هاوبەشییەوە دەردەکەوێت نووسەرسەنتەر نییە خوێنەر لەدۆری بخولێتەوە، یاخود نووسەر خوانییەو خوێنەر عەبدی، نووسەرپیرەز و خوێنەر ناپیرەز نییە، یاخود ئەویان بتوانێت بفڕێ و ئەویان نەتوانێت. هەردوکیان دوو هەبووی خاوەن تێگەیشتنی نێو جیهان و بوونن، رەسەنێت و نیگەرانییەکانیان تێکستی جیاوازی لەدەکەوێتەوە.

لەرەدا ناماناوێت جارێکی دیکە نووسەرسەنتەر یان خوێنەرسەنتەری بخولقێنین، چونکە ئەوان ناتەواو ناکامڵن، هاوکات نووسەر بە زانەرو پرۆژەی تێگەیشتن لە بوون و جیهان دادەنێین، لەبەرئەوە ناکرێت نووسەر فەرامۆشبکرێت، یاخود بمرێنرێت، بەڵام بە ناکامییەکەی لە دەسەڵاتی رەهای دەدرێت. نەریتی تاقانەی نووسەر لەم بڕچوونەوە لەناودەچێت، بەڵام نامرێت، چونکە بوونێ لەنێو جیهانداو توانای داهێنانی پرۆژەی ئەگەرەکانی بوونی لەنێو جیهاندا هەیە. لەبەرئەوە تێکست هەمیشە گوزارشت لە هەبوونێک لەنێو جیهان و لەگەڵ هەبووەکانی دیکە دەکات. بەڵزاک وەک بوونێک لەنێو جیهاندا، بوونی لەگەڵ ئەوانیترداو خاوەنی پرۆژەی تێگەیشتنە، دەتوانێت لە ژن وەک هەبوونێکی جیهانی تێبگات، لەبەرئەوەی ئەویش هەبوونێکی نێو جیهانە و لەگەڵ ئەواندایە، خاوەن نیگەرانی و بوونی رەسەن و نارەسەنتیە. هاوکات نووسەرسەنتەری سینەوەی بوون و هەبووەکانی دیکەیەو جەرەکە لە دەسەڵاتی میتافیزیکی نووسەر. بەڵام کاتێک نووسەر وەک هەبوونێکی ناتەواو لەم نووسینەدا ڕەچاوکراوە، مەبەست شکاندنی دەسەڵاتی میتایەتی نووسەرە، نەک مردنی نووسەر وەک هەبوونێک لەنێو جیهاندا. لە نووسەرسەنتەریدا بەردەوام بایەخ بەکەمەک لایەنی دەروونی و مۆرووبی و واقعی دەدرێت، کە خوێنەر نوقمی نەویان دەبێت و لەبیری دەچێت، کە خۆی و نووسەر هەبوونێکی نێو جیهانن. لەم روانینەدا خوێنەر بەردەوام دەچێتە دەرەوەی جیهان بۆ ئەوەی لە جیهان تێبگات. لە کاتێکدا پەیوستە لەنێو جیهانەوە بە جیهانی نووسەر بڕوانێت. لەڕەوە پەیوستە نووسەر خاوەندارێتی نووسین بکات، لەبەرئەوەی بەرپرسیارێتی هەبگرێت و وەک هەبوونێکی نێو جیهان، نووسین ئەگەری هەبژاردنی ئەوەو نابێت لەی زەوتبکرێتو

بەناوی رووخاندنی دیکتاتۆریەتەوە دیکتاتۆریەت سازبکرێت. چونکە بنەڕەتی ڕەخنەی (مارکسی دانەر) بۆ ئەو دەسکەوتە ڕەهایەی دانەر دەگەیشتبوو، بەردەوام مراندنی ئەم دەسکەوتە دیکتاتۆریەتەو لەسەندنەوەی بوونی ئەم هەبوونە لەنەو جیهان و جیهانی تێکست. لەبەرئەوە تێگەیشتن لە تێکست بە کوشتنی نووسەر نایەتە ئاراوە، بەڵکو بە پێیوەندییەکی وجودیانە لەگەڵ تێکست و نووسەری تێکست دەتوانێ ئاراوە، کاتێک خاوەن ماڵێک بکوژین و ماڵەکەی داگیر بکەین یاخود بانگەشەی بەخاوەنی بکەین، هەرگیز ناتوانین وەک نیشتمان لەنەو ئەو ماڵەدا بژین و نیگەرانیبین، ئەو ماڵەش خەی وەک نیشتمان بەردەوام ناکاتەوە. لەبەرئەوە میتۆدو تیۆرەکانی نووسەرسەنتەر نەیانتوانیوە لە نووسەر وەک هەبوونێکی نەو جیهان تێبگەن، ئەمەش بووەتە هۆی دەرنەکەوتنی نووسین. سەبارەت بە'تێکست' لە نووسەرسەنتەریدا، ڕەخنەو کاردانەوەی بوونیادگەرو فەرمالیستەکان بەگەی بایەخەدان و سینەوەی تێکستە.

٢ــ تێکستسەنتەری

فەرمالیست و بوونیادگەرەکان، کە ڕەخنەی تۆندیان ئاراستەی نووسەرسەنتەری گرت و بارت مەرگی دانەری ڕاگەیاند، بە ئەوەی سەربەخۆیی بە ئەدەب بگەڕێنەوە و زانستی ئەدەبی دابمەزرێنن(٦٢). ئەمەش لەسەر بنەمای تێکستسەنتەری ڕوویدا، کە 'تێکست'یان وەک جیهانێکی داخراوو سەربەخۆ دەبینی، کە پەیوەندی بە ڕەهەندی مرۆڤانەوە نییە. ئەمەش باڵادەستی تێکستی بەسەر نووسەرو خوێنەری لێکەوتەوە. لەلای ئەم ڕەخنەگرانە دەق گوزارشت لە نووسەرەکەی ناکات، بەڵکو سەربەخۆیو خاوەنی سیستمی خۆیەتی. بنەمای لێکەینەوەی دەقیش بریتییە لە زمان، کە سودیان لە زمانەوانی سویسری (فردیناند دی سوسێر) وەرگرت. سوسێر زمان وەک سیستم، کە خاوەنی چەند ڕەساویاسایەکی ڕەزمانی و فەرهەنگی وشەیە دەبینێت(٦٣). فەرمالیستو بوونیادگەرەکان بەرچاوکردنی زمان وەک سیستم، ئەدەبیان لە زانستی زمان بە ڕزگارکردنی ئەدەب لەزانستەکانی دیکە نزیککردەوەو بانگەشەی سەربەخۆیی و زانستی ئەدەبیان کرد. یاکبسن، کە دیارترین ئەدەبناسی فەرمالیستی ڕووسە، هونەری شیعری لەسەر زمانەوانی دامەزراند و پێیوابوو شیعر هونەری وشەیە(٦٤) ئەم میتۆدانە بەهەی جەختیان لەسەر زانستو سیستم، کەمەک بنەمای گرنگیان بە دەق داشت. جیاکاریان لەنەوان زمانی ڕۆژانەو زمانی شیعرو گەڕانەوەدا کردو گرنگیان بە جەرەکانی لادانو ئاشنایسەینەوەو نائاسایی(نائەتەمات)بوون دەدا.

لەسەر بنەمای جیاکاری زمان دەقیان شیدەکردەوە، زمانی دەقیان بە (ئاوەناو، ناو، کردار، بزوێن، تاک، کۆ..) دابەشدەکرد(٦٥) بە کورتی ئەم میتەدانە بە بنەڕەتی لەسەر خودی تێکست کاریان دەکرد و پێیانوابوو تێکست جیهانی لەکەینەوەیەو بە تێگەیشتن لەی پێویست بە چوونە دەرەوە بە بوارێ جیاوازەکانی دیکە ناکات(٦٦).

لەرەدا بەگشتی ڕەخنە ئاراستەی میتەدی 'تێکستسەنتەر'یەکان دەگرین. لای هایدیگەر زمان ماڵی بوونە. بەڵام ئەوەی تێبینی ئەم میتەدانە دەکرێت، نیگەرانیان بە زمان وەک ماڵی بوون ڕەچاونەکردووە. زمانیان بە ناوی لەکەینەوەی زمانگەری تێکست کەرت کردووە. لەکاتێکدا مرۆڤ لەنێو زماندا نیشتەجێیە، زمانیش ماڵی بوونە، ئەوا نیگەرانی بە زمان بنەمایە. لە ڕووکەشدا تێبینی هاوبەشی گرنگی زمان بە هایدیگەرو تێکستسەنتەرەکان دەکرێت، بەڵام لە بنەڕەتدا گەلێک جیاوازن. لەدیدی هایدیگەردا، زمان بەر لەوەی شتێک بێت، نیشان دەدات، واتە ئاماژە نییە، بەڵکو ئاشکراکەری ڕاستیی بوونە(٦٧). بەڵام ئەو میتەدانە ماڵ و خاوەن ماڵ، بوونی دازاینیش، کە بە نیگەرانییەوە لە نێو ماڵدا نیشتەجێیە، فەرامۆشیانکردووە. ئەوان لە زمان دەکەنەوە بەئەوەی ڕەچاوی ئەوە بکەن، کە زمان بنەمای تێگەیشتنی دازاینە لە بوون. ئەم میتەدانە جگە لە کوشتنی وزەی داهێنەرانەی زمان هاوکات بایەخ بە جیهان و دەرکەوتنی ڕاستی بوون نادەن، کە چۆن زمان لە دەرکەوتنی ڕاستی بووندا گوزارشت لەم دەرکەوتنانە دەکات. لەنێو تێکستدا بەدوای ئەوەدا ناگەڕێن، کە ڕاستی بووەو نیگەرانی نووسەر لەکوێی دەقدایە. لەبەرئەوە ئەم میتەدانە هەندێ لەبیربەرەوەی بوون و پێوەندین هەندە یادخەرەوەی نین. تێکستەکەی گەران بە تێکستسەنتەرەکان بریتییە لە ناو، ئاوەناو، کەش و سەرواو دووبارەبوونەوەو لادان... نەک دەرخەری ڕاستی بوونی شاخی بەدار بێت. ئەم ماماڵەکردنە لەگەڵ تێکست، هایدیگەر گوتەنی هەتیو، بەماڵو نیشتمانمان دەکات(٦٨).

تێکست بەرلەوەی سیستم و نووسینەوەی خودی نووسەر بێت، داهێنانی خودی نووسەرە پێویستە بە دەرخستنی ڕاستی بوونەوە(٦٩)، هاوکات نووسەر ناتوانێ لەنێو جیهانو بووندا ئاگەرەکانی دادەهێنێت، بەڵام تێکستسەنتەری لەم ئاگەرانە ناگات و ڕێگەنادات ئەم ئاگەرانە بە خۆنەر دەربکەون. تەنانەت ڕێگەنادەن تێکست سەربەخۆ بێت و جیهانی خۆی دروستبکات، چونکە ئەوان تێکست پارچە پارچە دەکەن بەناوی دەزینەوەی تێکست و لایەنی جوانیناسی تێکست، لەکاتێکدا تێکست لەپێشدەم خۆنەردا بوونی بە نیشتەجێبوون هەیە، نەک بە

شیتەکردن، بەکو بە دەرخستن و نیشاندان. ئەوان لەبری بەدەنگەنانی تەکست، تەکست بەدەنگ دەکات، چونکە لەبری دەرخستنی جیهانی تەکست، لادان، ناو، ئاوەناو، راناوکانی تەکست دەردەخەن. ئەم کارکردنە زانستییە لەسەر شیعرێک یان هەر تەکستێک کاتێک منی خوێنەرێکی لەگەڵینووکە دەیخوێنمەوە، گەر پێشتر شیعرەکە نیگەرانی منی جوڵاندبێت، ئەوا ئیستا لەبەردەم شیکاری تەکستسەنتەرکان، شیعرەکە بە کەمەکێک ژمارەو وشەی پڕلەنکەراو دەبینم، کە نیگەرانییەکەم بەی ئاوادەبێت. لەبەرئەوە خوێنەری رەسەن سەرەتا نیگەرانییەکەی بە دەرکردنی تەکستە لە پڕلەن و دابەشکاری، بە ئەوەی تەکست خەی دەربخات. هایدیگەر، کە شیعرو زمانی شیعری بە باشترین داینەمەی پرسین لە بووندازانی، بەگام زمان لای تەکستسەنتەرکان کەرەسەی جوانیەو تاریککەری پرسی بوونە.

هاوکات زانستیبوونو دامەزراوەیی ئەدەب و رەخنە بنەمایە بە ناراستی دەربەین، لەبەرئەوەی هیچ سەرنج لە راستی بوون نادات و خەی بەهەبووکانەوە سەرقاڵەدەکات و رەچاوی بنەمای هەبووکان، کە بوونە ناکات؛ واتە خەی بە سەرئەنجامەوە سەرقاڵەدەکاتو گرنگی بە هەقیقەتی بنیادی ئەنجام نادات.(٧٠). لەلایەکی دیکەوە تەکستسەنتەری و مەرگی دانەر، کوشتنی ئەگەری داهێنانی دازاینی رەسەن. لەبەرئەوەی بەرهەم هێتیوو بکەس دەخات و تەکستیش بە هەبوویەکی سروشتی و بخاوەن دەکات، تاوەکو بە ئاسانی بتوانێت بکاریبهێنێت. ئەنجامی ئەمەش لەتەنیشت دیدگای تەکستسەنتەری مەرگی تەکست دەخاتەوە، چونکە تەکست لەزیندوەتیو تێگەیشتن و بوونی لانەو جیهان، پێیوەندی بە جیهان و دازاینەوە بتاڵ دەکات. ئەمە خاڵکی بنەڕەتییە، کە ئەم میتۆدانە بە نیازی هەیمەنەکردن بەسەر تەکستدا، تەکست لە زیندوەتیو نووسەریش لە خاوەندارێتی دەخەن. تەکست وەک زەڕە تەماشا دەکەن، کە بە باوکە؛ ئەمەش نیگەرانی بە تەکست و دانەرەکەی پێیوەست بە بوونی لانەو جیهاندا دەکوژێت. ستراتیژەکە بەو جۆرەیە، سەرەتا بوون وەک بنەما لەناو دەبات، پاشان ئەو هەبووەی لە بوون دەپرسێت، ئەنجام ئەوەی دەمەنێتەوە شتەکە ناوی دانرێت تەکست، کە بریتییە لە هەبوویەکی ئامرازو بردەست. تەکست هەمیشە ئاماژەیە بە دازاین یاخود بوونی مرۆڤ، تەنانەت پەندی پێشینانیش، کە بە بە خاوەن ناودەبرێت، ئاماژە بە پێیوەندی و تێگەیشتنی بوونی مرۆڤ لانەو جیهان و لەگەڵ مرۆڤ دەکات. دابینی تەکست لە نووسەر، تەکست نامە و بە واتا دەکات. نەبوونی واتا لە تەکستدا نیشانەی نیهلیزم و ئایدیالیزمە. تەکستی بکەس، تەکست بە واتا دەکات، وەک ئەوەی تەکستو تەکستنووس

هەبووی نەو جیهان و بوون و دازاین نەبن.
لەبەر ڕۆشنایی ئایدیاکەمان، مەرگ و سەنتەر گرتنی هەریەک لەسەکوچکەکە مەرگی پەیوەندیو ڕەخنەی لەدەکەوتەوە. لەبەرئەوەی پەیوەندی داهێنەرانەی خوێنەری ڕەسەن وەک کاڵا بە تێکست و خوا بە نووسەر نیە، بەڵکو بە نیگەرانیەوە وەک تێگەیشتن لە بوونی دازینێکی ڕەسەن بە بوون و جیهانە.

بەپێی لەمەرگی دانەردا ڕەخنەی تونەدی ئاراستەی ئەو ڕەخنەئاراستەکراوەی دانەر گرت و بە ئایدەلۆژیای کاپیتالیزمەوە پەیوەستیکرد. ئەمە تێگەیشتنێکی گرنگ و بنەڕەتیە لە نیازی دانەر و جیاکردنەوەی لە نووسەر، بەڵام نابێت ئەوە لەبیر بکەین، کە نیازی دانەر بە خوێنەری ڕەسەن تەنیا ئاراستەکەرێکی جێبەجێکارانە نیە، بەڵکو خوێنەری ڕەسەن دەزانێت لەکودایەو لەگەڵ کە لە پەیوەندیدایە. بە نیگەرانییەوە پەیوەندی لەگەڵ تێکستدا دەگرێت و نیگەرانیی نووسەر درک دەکات و لەوەوە بیار لەسەر نووسین دەدات؛ واتە خوێنەرێکی نەزان و دەرە جیهانمان نیە، کە تەنیا داردەستی نووسەر و تێکست بێت، بەڵکو ئەو هەبوونەکە هەست بە مەترسی و ئارامی، ڕاستی و ناڕاستی دەکات و تەنیا لەسەر ئاراستەو ویستەکانی دانەر و تێکست ناژی. بەڵام خوێنەری نارەسەن دەکرێت بە درێژکراوەی ویستی دانەرو تێکست بزانین. وەلێ خوێنەری ڕەسەن لە تێکست وەک کردەیەکی داهێنەرانە دەڕوانێت، نەک تەنیا دەربەی خود بێت و خود بکوژێت بە ئەوەی هەیمەنەی لەسەر تێکست نەمێنێت.(٧١). سەرەڕای ئەمانە لە مەرگی دانەردا، دانەر ئامادەیە، چونکە ئەوەی بیارەکە دەدات دانەرە(٧٢).

٣ــ خوێنەرسەنتەری

لە شەستەکانی سەدەی بیستەوە، تیەری وەرگرتن و لاکردنەوە بەلای خوێنەرو هاتنەوەئامی خوێنەر لە ڕەخنەی ئەوروپەو ئەمریکیدا بە کاریگەری پەڕەسەندنی هەرمینیەتیک هاتئاراوە. ئەم تیەرانە ڕەخنەیان ئاراستەی نووسەرسەنتەرو تێکستسەنتەرکان گرتو بە پشتگوێخستنی خوێنەر تاوانباریان کردن(٧٣). لەم تیەرانەدا وەرگر بە بنەمای زیندوەتی و کەشف و واتای تێکست دەزانن. تیەری ئیستاتیکای وەرگرتن، کە (یاوسو ئایزەر) دامەزرێنەرین، جەخت لەسەر پەیوەندیکردن و بەیەکگەیشتنی خوێنەر لەگەڵ تێکست دەکەن و خوێنەر بە داهێنەری لایەنی ئیستاتیکی دەق دەزانن. پەیانوایە خوێنەر لە ئاراستەی پرسیارە باوەکە، کە دەق چیم پێدەڵێت؟ تێدەپەڕێت بە پرسیاری چی بە دەق دەڵێم.(٧٤).

هاوکات ئەو بۆشایی و درزەی دەکەوێتە نێوان ئاستی مژووویی داهێنانی تەکست و وەرگر، خاڵکی گرنگی ڕاقەو داهێنانی تەکستە لایەن وەرگرەوە. ڕەدف بەڵتمان دەڵێت یەک کتێبی پیرۆزی ئینجیل نییە، بەڵکو هەر سەردەمو کتێبکی نوێ سازدەکرێت(٧٥).
'ئاستی چاوەڕوانی' یەکەکە لە زاراوە گرنگەکانی تیۆری وەرگرتن. مەبەست لەی ئەو پەیوەندیە جێگیرانەی خوێنەرە، کە بوون بە ئاستی چاوەڕوانی لە تەکستێک. بەڵام تەکستیش ئاستی خۆی هەیە. لەبەرئەوە:
١ـ ئاستی چاوەڕوانی دەق لەگەڵ ئاستی چاوەڕوانی خوێنەر گونجاوە.
٢ـ ئاستی چاوەڕوانی دەق، خوێنەر توشی نائومێدی دەکات چونکە لەگەڵ ئاستی چاوەڕوانی خوێنەردا ناگونجێت.
٣ـ ئاستی چاوەڕوانی دەق بەجۆرێک دەکەوێتەوە، کە ئاستی چاوەڕوانی خوێنەر دەگەڵێت، پەیوەری دیکەی لا دروستدەکات(٧٦). بەپێی ئەم دوو ئاستیە دەق واتای نوێی لەوەپێدا دەبێت و خوێنەر دەبێتە هاوبەشی بەرهەمهێنەری واتاو ئیستاتیکای دەق، ئەمەش خوێنەر لە ناچالاکەوە چالاک دەکات و خوێندنەوەش بەشداری لە بنیاتنانی کەسایەتی خوێنەردا دەکات(٧٧). تیۆری وەرگرتن، گەڵک سودی لە فەلسەفەی فێلسوفانی وەک، هوسرڵ، هایدیگەر و گادامەر وەرگرتووە. لەبەرئەوەی یەکەکە لە تیۆرە تەواوکارەکان، چونکە جۆرە یەکخستنێکی لە لایەنی دەرەوەو ناوەوەی تەکست لەسەر بنەمای وەرگرسەنتەری ئەنجامدا. وەرگری بەو هەبووە داهێنەرە دانا، کە ئاگایی و ژیانی تەکستە(٧٨).

سەبارەت بە ڕەخنەی وەرگرسەنتەری، پەویستە سەرەتا دانبەوەدابنێم، بۆشکی بنەمایی ئەم ئایدیا نوێیە سودی لەم میتۆدانە وەرگرتووە. بەڵام ئەم میتۆدە لە هەندێک شوێندا زێدەڕۆی لە بنەما سەرەکییەکانی خۆیدا کرد، کە تا ئەوە ڕەشت بانگەشەی مەرگی دەق بکات و خوێنەر بە ژینبەخشی تەکست دابنێت. لەکاتێکدا پەموایە تەکست ئەگەر تەکست بێت بەرگری لە ژیانی خۆی دەکات، دەکرێت بە ماوەیەک کپ و خامۆشبێت؛ بەڵام نامرێت. خوێنەریش ڕاستە چرای تەکستە، بەڵام خودی ما/تەکست نییە، نرخی چراش لە ڕۆشنکردنەوەی ماڵدایە. چرا لەنەو نیشتمانی تەکستدایە. واتە خوێنەری ڕەسەن بە ئەوەی نیشتەجێبێت دەبێت ماڵی هەبێت. هاوکات جیاکاری لەنێوان خوێنەری ڕەسەن و نارەسەن و جۆری پەیوەندی گرنگ، لەبەرئەوەی هاتنزمانی دەق و ئاشکرابوونی بە هەموو خوێنەرێک نالوێ، ئەمە دەبێتە هۆی جیاکاری نێوان تەکستو ناتەکست. بەڵام کاتێک خوێنەر هاندەرێتو بە ژیانبەخشی تەکست دادنرێت، ئەمە دەبێتە پاڵنەر کە هەرچی مەعریفەیەتی بیخاتگەڵ بە ئەوەی ئەو ڕووە وازیبکات. لەم

کاتشدا رەنگ شواندنی جیاکاری تەکستو ناتەکست لەسەر ئەم رەگەی وەرگر بختە ئاراوە. لەبەرئەوە بەیاری رادیکاڵ لەسەر جیاکردنەوەی تەکست لە ناتەکست گرنگە.

ئەم تیۆرە بەجۆرێک دەرکردنی دەقو نووسەرە لە بەرپرسیارێتی گەیاندنی زانین سەبارەت بە بوون. لێرەدا مەبەست لەئەو پابەندیە نییە، کە سارتەر بە پەخشانووسی دادەنێتو هونەرمەندی لە بەبەری دەکات(٧٩) بەڵکو ئەو پابەندیەی، کە تەکست و نووسەر ئەگەر رەسەن بن، نابێت بوون لەبیربکەن. سارتەر گوتەنی ناپابەندی نووسەر وادەکات خوێنەر بەپەی ئاسەی چاوەڕوانی خەی، کە دەشە ئەو ئاسەیە لەگەڵ دەق و نووسەریش یەکنەگرێتەوە، تەکست شیبکاتەوە. لەبەرئەوە پابەندی سەکوچکەکە بە پەیوەندی ئەنتەلەجی بوونەوە گرنگە، کە ڕەگەی لە خوێنەر بگرێت، دیدگا ئایدەلەژی و میتافیزیکییەکانی خەی تەکەی بە تەکست نەکات. هاوکات وەک ئەو خوێنەرە ساویلکانە نابێت، کە ئەفلاتوون شاعیرانی بە دەرکردن، لەبەرئەوەی بە ئاسانی فریودەخەن، بەڵکو مەبەست بوونی خوێنەری ڕەسەنە.

سەرەڕای هەموو ئەمانە ئەم ئایدیا نوێیە هاوبەشی زەری لەگەڵ ئەم تیۆرە هەیە، لەبەرئەوەی ئەم تیۆرە بە پشتبەستن بەو جیهانبینییە فراوانەی لەپشتیەوە بوون، تاڕادەیەکی زۆر توانی تەکست لە کۆرسەو کایەتی رزگاربکات و ئازادی خوێنەرو تەکست لەبەرچاوبگرێت. هاوکات بەسودوەرگرتن لە گادامەر گرنگی بە پەیوەندی و وتوێژی خوێنەرو بەرهەم دەدا یان وتوێژی زەمەن دەدا.

دووەم: سەبارەت بە ڕەخنەی کوردی

لە ئایدیاکەماندا راستەوخۆ وەک بوونێکی زەمەنی لە سەکوچکەکەمان نەڕوانیوە، تا پرسیار بکرێت، چۆن دەشێت تەکست بنووسەر هەبێت؟ بەڵام بە وەڵامی وەها پرسیارەکیش، پەمانوایە، پێش نووسەر تەکست هەیە، ئەویش جیهانە. تەکست بەبێ جیهان بوونی نییە؛ جیهان خەی بریتییە لە تەکست، کە مرۆڤ وەک بوونێکی ئاگامەند دەیەوێت بیناسێت. بەڵام ئەم ڕوانگەیە زیاتر جیهان بە بابەت دەکات؛ ئەمە وەک نیشتجێبوون لەناەو جیهان/تەکستداین. هاوکات بەلەبەرچاوگرتنی ئەو ڕوانینە هەنوکەیەیی ئیستا، هیچ تەکستێک لە خۆوە نایەتە ئاراوە، بەکو هەموو تەکستێک بە هەوای تەکستی پێشخەی دەژی(٨٠)بوونی سەکوچکەکە پێکەوە بەگەیە لەسەر بوونی پەیوەندی، پەیوەندیش بەگەی ناسین و جۆەو چالاکیە. بەڵام ئایا لە کۆمەگای کوردیدا ئەم سەکوچکەیە بە دیوە ڕەسەنەکەی بوونی هەیە؟ کە

پەیوەندی تیایدا دێتەئاراوە. لێرەدا مەبەست تاکە نووسەر، تێکست و خوێنەرێک نییە، بەڵکو وەک بوونوگشتێک. وەک ئاماژەم پێدا روانینەکەمان رادیکاڵە، لەبەرئەوە لە دانەو دوان خۆمان دەبووڕین. یاخود ئایا هەست بە پەیوەندی و جوڵەو چالاکی دەکەین؟ گەر سێکوچکەکە هەبێت دەبێت جوڵەو چالاکی هەبێت؟ هاوکات بنەمای پەیوەندی و جوڵەو چالاکیش ئازادییە، لێرەوە کێشەی ئازادی وەک کێشەی وجودی ڕاخنە دیارو بەرچاو دەبێت، چونکە بەبێ ئازادی پەیوەندی؛ ڕاخنە بوونی نییە. لەبەرئەوە کێشەی ئازادی و ڕاخنە وەک کێشەی وجودی دەردەکەوێت.
سەبارەت بە مرۆڤی کوورد چۆن دەکرێت کێشەی ئەنتۆلۆجی ئەم پەیوەندییە دەستنیشان بکەین. کاتێک تێبینی پەیوەندیکردن لای ئەم مرۆڤە دەکەین، هەست بە بوونی پەیوەندییەکی چالاکانەو ڕاخنە دەکەین؟ واتە ئایا ڕەخنەی کوردی بوونی هەیە؟ لێم ئایدیایەدا نەبوونی ڕاخنە، بریتییە لە کێشەی وجودی. لەبەرئەوە ئەم کێشەی وجودی بوونی کوردە. بەڵام دەبێت بڵێین نەبوونی ڕاخنە، مانای نابێت نییە؛ بەڵکو دەکرێت هەبێت و لە ئیستادا نەبێت.

لێرەستای مرۆڤی کورددا تێبینی دوو جۆر هەوە دەکەین:
١ــ ڕاخنە لەناو زانکەکان.
٢ــ ڕاخنەی دەرەوەی زانکە.

لێرەدا بە ئاسانکاری ئەم جیاکارییە کراوە، دەنا دەتوانین بە دەرەوەی زانکە جیاکاری دیکە بکەین. ئەگەر سەرنج لەو چالاکییانە بدەین، تێبینی دەکەین پەیوەندی و ئاڵۆگۆیان لەنواندا نییە؛ بەڵکو لەیەکدی دابڕاون. ئەوەی لەناو زانکەکاندا دەکرێت، بریتییە لە کەمێک هەوڵکی ناکاریگەرو بەجوڵە. بەشکی زۆری ئەو کارانەی لەناو زانکەکاندا کراون و دەکرێن(بەتایبەت لەبەشی ڕاخنەی ئەدەبی و زمان)دا، کە تاڕادەیەک ئاگادارییانم، کارکردنن لەسەر هەبووکان. واتە ئەو میتۆدانە بەشێوەیەکی بەکارهێنراوەیی بە شیکاری نووسینەکان بەکاردەبرێن، بەئەوەی توانای بەیاردانی تێکست و ناتێکستیان هەبێت. زۆرینەی ئەو تێوڕینەوانەی دەکرێن میتۆدی خوازراوەو بەشێوەیەکی ناداهێنراوە لەسەر نووسین جێبەجێی دەکەن. هاوکات پەوەرەکانی وەرگرتنو جێگرتنی ئەو تێوڕینەوانەش لە ئاستێکی داهێنراوەدا نین، بەڵکو زیاتر شکێین. زۆرینەی ئەو میتۆدانەی لە زانکەکاندا سودی لێوەردەگیرێت، ئەو میتۆدانەن، کە نووسین وەک کەرەسە تەماشا دەکەن؛ جگەلەوەی تێگەیشتنی قوڵ و ڕاخنەیی لە میتۆدەکاندا نابینرێت. هاوکات مامەڵەی زانستخوازانەش ڕەگری

کردووە، لەوی تـوژەر لەگـەڵ رەحـی نووسـین لـەپـێوەنـدیـدا بـێـت. هەروەهـا پـاشـنـاری زەرینـەی کـارە بـنـاو رەخـنـەیـیـکـانی بـە بـەرزکردنـەوەی ئاستی زانستی و بـەرزکردنـەوەی بـاڵـانسی مادیـیـە، واتـە مـامـەڵـەی بـەرژەونـدیخوازی کـاری رەخـنـەیـان پـەڕەکـات، لـەکـاتـێـکـدا بـنـەمای کاری رەخـنـە ئازادیـیـە. لـەبـەرئـەوە پـێوەندی بـەکارهـێـنـەرانـەو بـەرهـەمـهـێـنـەرانـە بـنـووسی لـەم نـەوەنـدەدا زیادکردووە. ئـەم نـەوەنـدە نـەیـتوانـیـوە تـەکسـتـەکان وەک تـەکست بـناسـێـنـێـت، چونکـە بـخـوێـنی تـوژەری لـە خـوێـنـەری رەسـەن زیـاتـرە. لـەم نـەوەنـدەدا پرسیار و گومانی بـنـەڕەتی دانـاهـێـنـرێـت، لـەکـاتـێـکدا تـەکست گومان و پرسیاری بـنـەڕەتی بـەجـێـدەهـێـڵـێـت. بـەڵـام تـەبـینی بـەشـێـکی ئـەو پرسیارانـەی نـەو تـوژیـنـەوەکان دەکـەین، پرسیاری وەرگیراو و دووبـارەن. سـەرئـەنجام ئـەوەی لـەناو زانـکـەکان دەکـرێـت، نـەک جـوڵـەی بـە دەرەوە نـەبـووە؛ بـەڵـکو بـە ناو زانـکـەکان خـۆشی نـەیـبـووە.

سـەبـارەت بـە رەخـنـەی دەرەوەی زانـکـە، زیـاتـر هـەست بـە جـوڵـە دەکـرێـت. بـەڵـام ئـەم جـوڵـەیـە راگـەیـاندن تـێـیدا بـاڵـادەسـتـە؛ لـەبـەرئـەوە جـوڵـەیـەکی نـەزەک و ئـازاربـەخـش. جـوڵـەو رەخـنـەی نـەو راگـەیـاندن رەسـەن نـیـیـەو زیـاتـر دامـرکـانـەوەو تـرسـە لـەبـەجـەمـان. یـاخـود جـوڵـەی ناچـارانـەی پـەکـردنـەوەی لاپـەڕەکـانـە. هـاوکـات ئـەم جـوڵـەیـە بـەهـەی پـەرشـوبـاویـەوە نـابـینـرێـت. جـگـەڵـەوەی رەژانـەیـیـەو دەسـزی، شـارەزایـیـو نـیشـتـەجـێـبـوونی لـەنـەو تـەکستدا تـێـدانـیـیـە. هـاوکـات ئـاگـادارنـەبـوون و نـەشـارەزایی لـە دنـیـایی فـەلسـەفـە لـە زانـکـە و دەرەوەی زانـکـەدا هـەکـاری پـێوەنـدیـیـەکی نـاتـەندروسـتـە لـە سـەکـوچـکـەدا. ئـەم نـامـۆیـیـە مـەعـرفـیـیـە تـرس یـان بـێـباکی لـەبـری نـیـگـەرانی زیـادکـردووە، لـەبـەرئـەوە مـرۆڤی کـورد وەک مـرۆڤـێـکـی بـەپـرەژە دەردەکـەوێـت، ئـەمـەش جـارێـکـە لـە نـارەسـەنی و نـائـاگـایی بـەرامـبـەر بـە بـوون و بـوونی خـۆی و جـیـهـان(٨١). ئـەوەنـدەی بـەدواداچـوونم بـە خـوێـندن لـە زانـکـەکانی کـوردسـتـان کـردووە، وانـەی فـەلسـەفـە لـە هـیـچ سـاڵـێـکی خـوێـندنی بـەش جـیـاوازەکـانـدا نـیـیـە. لـە پـەش خـوێـندنی زانـکـەیـیـدا وانـەی فـەلسـەفـە هـەیـە؛ بـەڵـام نـەبـوونی بـاشـترە؛ لـەبـەرئـەوەی زەرتـر رقـی لـە فـەلسـەفـە زیـادکـردووە.

کـاتـێـک سـەرنـج لـە وشـەی (رەخـنـە) لـە فـەرهـەنـگـو بـیـرکـردنـەوەی مـرۆڤی کـورد دەدەیـن، هـەسـتـی نـەرێـنی و دژایـەتـی تـیـایـە، نـەک پـێوەنـدی دەسـزی و نـیشـتـەجـێـبـوون. رەخـنـە بـە کـورد لـەبـری پـێوەنـدی دابـڕانـە، شـکـانـدنـو کـەمـکـردنـەوەیـە لـەبـری دەزیـنـەوەو دەرخـسـتـنی راسـتـی. یـان دەسـتـایـەتـی لـەگـەڵ نـووسـەرێـک مـەعـریـفـی واتـە زەرکـات راسـپـاردنـە، لـەبـەرئـەوە رەخـنـەی کـەسـێـک تـەکسـت، لـەم کـاتـەشـدا لـەدانـە یـان بـاکـردنـی

کەستیە. لەرەوە ئەگەر شتێک هەبێت بە ناوی رۆخنەی کوردییەوە ئەوا بە شاردنەوەی راستییە نەک نیشاندان و ئاشکراکردنی.
لەم نووسینەدا زیاتر بنووس و بخوێن ئامادەن، پەیوەندی رۆژانەو بەکاربەری رەگەز لە دەرکەوتنی پەیوەندی داهێنەرانە. هاوکات نیگەرانی بە نووسین هەستپێناکرێت. جارێک لە چاڵاحانە لە باتی گفتوگۆ هەیە، ئەم چاڵاحانەیش زیاتر بە هەیمەنەی پرسە سیاسییەکانی ناو راگەیاندنکانەوە دەبینرێت. ئەو ئاسیانەی لەم نووسینەدا دیاربوون بەهای دەرگیربوونیان بە بابەتە سیاسییەکانی رۆژەوە، ئارامی و نیشتەجێبوون، کە ئەنتەلەجی رۆخنە دەیخوازێت لەبیرچووەتەوە. لە دەرەوەی زانکۆ، لە پاش ئازادبوونی عێراق و زۆربوونی راگەیاندن، نووسینکەریان بنووسێ بخوێن بەرژەوەندیکی بەرچاو زیادیکردووە(ئەمە تەنانەت بووەتە نوکتە) پرۆژەی بەاوکراوەی گرنگیش کەمی کردووە. گەر تێبینی ساڵانی رابردوو بهێنرێتەوە بەم ساڵانە بکرێن، پرۆژەی گرنگ و نیگەرانئامێز کەمبووەتەوە. کاتێک گەڤاری گەلاوێژ دادخرێت چەندین هەنراوە لەشێوەی شینکردن بە داخستنی دەنووسرێت، ئەم نیگەرانییە ماڵئاوایی کردووە. هاوکات لە ساڵانی نەوەد بە دوو هەزار چەند گەڤارێکی گرنگی وەک(بوون، ئازادی، گوتار، رەهەند..) هەبوون، کە لایەنی مەعریفییەوە چالاکتربوون لە زۆرینەی بەاوکراوەکانی هەنووکە. هاوکات جۆری خوێنەرەکانیشیان گۆڕاوە. لەم نووسینەدا هەنوکە رۆخنە بریتییە لە پەخشکردن، واتە نووسینکی چەند سەد پەیڤی، بە نووسینی نیو لاپەڕەی رۆژنامە رۆخنە دەکرێت، ئەمە گوزارشتی نائارامی و نەشارەزاییە، ئەمە ساڵاوکردنە لە نووسین نەک نیشتەجێبوون.
لەرەدا دەبێت بڵێین بەهێ نییە، که بوونی مرۆڤی کورد وەک نەبوو تەماشا کراوە؛ وەک ئەوەی بوونکی لەم جیهانەدا نەبێت. بوون لەنێو جیهاندا بریتییە لە بوونکی پەیوەندیکەرو چالاک؛ بەڵام ئایا مرۆڤی کورد بوونکی چالاکی لە جیهاندا هەیە و هەبووە؟ ئەم مرۆڤە تەنانەت هەست بە قەیرانکانی بوونی خۆی ناکات، چونکە هەستکردن، ئاگایی بە جۆرێ دەتوانێت هەنگاوی دەرچوون لە قەیران بنێت، بەڵام تێبینی دەکەین ئەم ئاگاییە نییە، زیاتر ناڕازیبوون و پرتەو بڕێ هەیە، نەک پرۆژە.

هایدیگەر پێیوایە تێکست راستی بوون دەردەخات؛ (دازاین)یش ئەو هەبوونەیە راستی بوون دەردەخات. لەرەدا تێکست دەبێتە ئەو بوونەوەرەی کاریگەری و پرسیارو گومان، نیگەرانمان دەکات. بەڵام تێبینی بکەین مرۆڤی کورد لە ئیستادا نووسین و بخوێن و بنووسی

هەیە. ئەمەش هەڵکاری سستی و بێجووڵەیی، بوون و ژیانی مرۆڤی کوردە. ئەمە زیاتر لە رابردوو نووسین دەبینرێت. دەپرسین ئەگەر ئەم نووسینانە تێکستن ئەی جووڵە بە نابینرێت؟ کەشەی ئەم مرۆڤە کوردە لەوەدایە، کاتێک تێکستکانیش دەبینێت یاخود وەریدەگێڕێت ناتوانێت وەک تێکست مامەڵەی لەگەڵ بکات و نیگەران و نیشتەجێبێت، چونکە بەشێکی دوور لە نیگەرانی تێکستەکان وەردەگێڕێت. چونکە تێکست وەک هەر بوونەکی زیندوو دەتوانێت جوڵە بخاتە نێو ژیان و بوونمانەوە. بەڵام کاتێک تێکستمان نییە؛ جوڵەو زیندوێتیشمان نییە. بە زمانێکی باو بڵێین ئەم دەخە هەگری گوتاری لەکارکەوتوو، مانەوەیە؛ لەنێو ترسداین و نیگەرانیمان نییە؛ واتە بوونێکی نارەسەن نەک نیگەرانمان هەیە، بوونێک دنیانیە لەبوونی، بەکو پێویستە دنیابێت لەبوونی و بێ نیگەران بێت. ترسمان بەگەی بوونمانە؛ نەک نیگەرانیمان.

لەکتایبدا دەرنەکەوتن یاخود بە ئیفلیج دەرکەوتنی پەیوەندی؛ گوزارشت لە نەخشی تێکست و نارەسەنی نووسەرو وەرگر دەکات. لەبەرئەوە سێکوچکەکە سیانەی پەیوەندی سازکەرن و پرسەیەکی دیالێکتیکی ئەنتەلەجی پێکەوەیان گرێدەدات. مەبەستیش لە دیالێکتیکی ئەنتەلەجی بریتییە لەو کردەو جوڵەیەی لەنێو ئەم سیانە پێکەوە بەستراوەدایە؛ کە وەک هەبووی زیندوو پەیوەندی و جوڵەو گەشەیان لەنێواندا هەیە. تێنانێت ئەگەر دیالێکتیکیانە لە سێکوچکەکە بڕوانین، دەبێت ئەم جوڵەو بزاوتە دەرکەوێت. بە نمونە(نووسەر/تێز-تێکست/دژتێز-وەرگر/تێهەڵکێش) لەم پرسەیەدا جوڵە و گەشەکردن ئامادەیی هەیە، واتە جوڵەو چالاکی نووسەر، تێکست سازدەکات، لە جوڵەی تێکستەوە خوێنەر دەبینرێت. لێرەوە خوێنەر دەبێتە دەرخەرو دیارکەوتی چالاکی ژیان، بەڵام ئەم جوڵەیەی ژیان لە کۆی ژیانی مرۆڤی کورددا دەردەکەوێت، ئەگەر نووسەرو تێکستمان هەیە؟ ئەگەر ڕۆژانە ئەم هەموو نووسینە گوزارشت لە جوڵەی نووسەرن، ئەی جوڵەی خوێنەر و تێکست کوا؟ ئایا جوڵەی خوێنەر پەیوەستنییە بە جوڵەی ژیانەوە؟

سەرچاوەکان:

٤٨ــ س.پ، لا، ٢٨٦.
٤٩ــ س.پ، لا. ٢٦٢.
٥٠ــ س.پ. ، ٢٦٢-٢٨٧.
٥١ــ س.پ. لا ٢٩٠.

٥٢ـــ ڕەبین خلیل قادر، نامەی ماستەر-میتۆدی ڕەخنەی تەواوکاری(التكاملي) لە ئەدەبی کوردیدا، هەردوو کتێبی(شیعرو ئەدەبیاتی کوردی)و(کاروانی شیعری نوێی کوردی) بەنموونە. زانکۆی سەلاحەدین٢٠٠٦-٢٠٠٧. لا٤١، ٦٤.
٥٣ـ د.یادگار لطیف شارەزووری، تیۆرکانی وەرگرتن، لە ئیستاتیکای وەرگرتنەوە بۆ ڕەخنەی هاتنەوەئامی خوێنەر. لە باوکراوەکانی شانزەمین فیستقاڵی گەلاوێژ-سلێمانی ٢٠١٢. لا، ٢٧.
٥٤ـ پیتەر هابەرگ و دانەرانی تر، تیۆری ئەدەبی و شێوازناسی، وەرگێڕان و ئامادەکردنی د.ئەنوەر قادرمحەمەد، مەبەندی کوردەلۆجی-سلێمانی، ٢٠١٠، لا، ١٦٩.
٥٥ـ ڕەبین خلیل قادر، میتۆدی ڕەخنەی تەواوکاری،لا، ٦٣.
٥٦ـ گۆڤاری ڕۆشنگەری-سلێمانی، ژمارە ٣٤، ئومێد حەمەعلی، مەرگی دانەر: کۆتایی ڕاستینەی ڕەها..لا، ٥٧٥.
٥٧ـــ د. محەمەد کەمال، نیتشەو پاش تازگەری، دەزگای سەردەم-سلێمانی، ٢٠٠٦، لا، ٥٨.
٥٨ـ گۆڤاری ڕۆشنگەری، لا٥٧٦.-٥٧٧
٥٩ـ جۆن هال، ولیام بویلوور، ولیامز شێپان، چەند وتارێک دژی بونیادگەری، وەرگێڕانی، حسێین لەتیف. بڵاوکراوەی سلێمانی، ٢٠١٣. لا ١٦.
٦٠ـ د.محەمەد کەمال، سارتەرو خوێندنەوەیەکی نوێ، دەزگای سەردەم-سلێمانی، ٢٠٠٣. لا. ٦٧.
٦١ـ د. کەمال میراودەلی، فەلسەفەی جوانیو هونەر-ئیستاتیکا، چاپی دووەم، خانەی چاپ وباوکردنەوەی قانع-سلێمانی-٢٠٠٥. لا، ٢٦٨-٢٦٩.
٦٢ـ گراهام آلن، رولان بارت، ترجمەی پیام یزدانجو، نشر مرکز-تهران. ص ١١٣.
٦٣ـ س.پ.، ص. ٧٠.
٦٤ـ پیتەر هابەرگ و دانەرانی تر،تیۆری ئەدەبی و شێوازناسی.لا، ١٤٨.
٦٥ـ پ.س.لا، ١٥٢.
٦٦ـ دیاردەگەری...٥٣
٦٧ـ بابەک ئەحمەدی،حەقیقەت و جوانی ٦٢٥.
٦٨ـ کەوانە، رامین جهانبگلو،http://www.agorapf.org/heidegger3.
٦٩ـ د.یادگار شارەزووری، دیاردەگەری لا..٤٠
٧٠ـ بابەک ئەحمەدی، ئەفراندن و ئازادی، وەرگێڕانی مەسعود بابایی، دەزگای موکریان-هەولێر، ٢٠٠٧. لا ٣١.
٧١ـ د.یادگار شارەزووری، دیاردەگەری.لا ٤٥.
٧٢ـ گۆڤاری ڕۆشنگەری، لا ٥٨٦.

٧٣ــ . د.علی طاهر حسین، د.شنۆ محمد محمود، زاراوەی ئاسۆی چاوەوانی و خوێندنەوەی دەقی شیعری. گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، ژمارە ٣٣، ٢٠١٢.. لا.٦٠
٧٤ـ د.یادگار لطیف شارەزووری، تیۆرەکانی وەرگرتن لە ئیستاتیکای.. لا، .٣٤
٧٥ـ بابەک ئەحمەدی، حەقیقەت و جوانی لا. ٤٦٢-.٤٦٣
٧٦ـ د.علی طاهر حسین، د.شنۆ محمد محمود، زاراوەی..لا. .٦٣
٧٧ـ د.یادگار شارەزووری، تیۆری وەرگرتن، لا .٣٢
٧٨ـ بابەک ئەحمەدی، حەقیقەت و جوانی.٥٠٥-.٥١٢
٧٩ـ جان پول سارتر، ادبیات چیست..ص١٥-.١٦
٨٠ـ بەختیار عەلی، خوێندنەوەی کوشندە، چاپخانەی رەنج-سلێمانی. لا .٥٨
٨١ــ عبدولموتەلیب عەبدوڵا، داهێنان سەر بەکۆشفکردنەوەخۆون ودنیابینیە-گفتوگۆی ئەدەبی و فکری، دیداری هەرەم عوسمان، لەبەاوکراوەکانی یەکێتی نووسەرانی کورد-هەولێر-٢٠١٢. لا ١٨٠-١٨٢.

سیمناری دەنگەکان بە بۆنەی سەعید کاکەیی لە شاری تۆرەنتۆ

لە ژێر سەردێڕی "بزووتنەوەی گۆران لە پاش مەرگی نەوشیروان مستەفا" دەنگەکان هەڵدەستێت بەڕێکخستنی سیمنارێ بۆ بۆنەی سەعید کاکەیی ڕێکخەری گۆشەی ستراتیجییە لە ژوری تۆژینەوەی سیاسی بزووتنەوەی گۆران

یەکشەممە ١٨/٦/٢٠١٧
1:00 بۆ 4:30ی پاشنیوەڕۆ

لێم ناونیشانەی خوارەوە:

Albert Campbell Library
496 Birchmount Rd,
Scarborough, ON M1K 1N8

Jun 18,2017—Sunday
1:00 PM to 4:30 PM

بزوتنەوەی گۆڕان لە پاش مەرگی نەوشیروان مستەفا

دەنگەکان لە دریژەی کارە ڕۆشنبیرییەکانیدا هاوڵدەستیت بەسازدانی کۆڕێک

بۆ بەڕێز " د. سەعید کاکەیی" لە شاری تۆرۆنتۆ لە ژێر ناونیشانی:

لە پاش کۆچی دوایی نەوشیروان مستەفا، بزوتنەوەی گۆڕان بەرەو کوێ و

ئایێندەی هەرێمی کوردستان چۆن دەبێت؟

" د. سەعید کاکەیی" ڕێکخەری گۆشەی ستراتیجییە لە ژووری توێژینەوەی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان



Address:
Albert Campbell Library
496 Birchmount Rd,
Scarborough, ON M1K 1N8
Jun 18,2017—Sunday
1:00 PM to 4:30 PM

Phone: 416-529-5517
E-mail:
dengekan@yahoo.com
www.dengekan.com

The VOICES
IS A DAILY INDEPENDENT KURDISH ONLINE NEWSPAPER

دەنگەکان

بە بۆن کەوتنی نەتەوەیەك لە "بۆنی بنیادەم" ی جەلیل کاکەوەیس دا ... محەمەد تەها حوسێن

ڕەمانی "بۆنی بنیادەم" ی ڕەمان و چیڕۆکنووسی بەناوودەنگی کورد هاوڕێم "جەلیل کاکەوەیس" م خوێندەوە، چڕکی ئەدەبی زۆرم لێ وەرگرت. لەوانەیە ئەم چڕۆە بەستراوەی باش چنینی خەیاڵ و جوان داڕشتنی زمان و پاکی هاڕمۆنیای ڕوداوەکان و نزیکی ڕۆحی مەولانا بێ لە ڕۆحی من و مامۆستای گەورە جەلیل کاکەوەیس.

ڕەمانەکە مانیفێستێیەکە بێ لێبوردەیی و هێنینەوەیەکە لە تووڕەیی و تابلۆیەکە لە هەنگاوەیی، کە هەمیشە دەمانباتەوە سەر جیاوازیەکان و ڕیتمە سەرسامکەرەکانی دەنگ و ڕەنگە جوداکان. مامۆستا جەلیل دڵنادڵنی ڕۆحی مەولانا خالید بووە و لە ژێر گوشاری نادادپەروەری و ناشیرینی و تاڵی و تۆشی ئەم زەمەنەی ئێمە گەاوەتەوە زەمەنەکەی مەولانای نەقشبەندی و هەموومان بەیەکەوە دەباتە هیندوستانی فرچکگرتوو بە ڕۆحی بوزا بێ خزمەت شا عەبدوڵڵای نەقشبەند بەو مەرامەی لە ڕۆحی ئەو بنۆشین و بە هۆشی ئەو ببینین و لەسەر دەستی ئەو فێری ئۆستاتیکای جیاوازیەکان و بەزم و نەزمی ئاوازەکانی دێ و دەروونە پاکەکان بین.

لەم سەفەرەیدا کاکەوەیس لە خزمەت مەولانا خالید بێ ماوەی چوار مانگ خەوەتی هەبژارد و من لای خۆمەوە حەزم دەکرد منیشی لەگەڵ بوام بەکو نەمهێشتبا ئەم چوار مانگەی بەس بێ و هەر نەبوا بەیەکەوە زیاترمان لە ڕۆحی مەولانا نۆشیبایە. زەمەنی کاکەوەیس لەم ڕەمانەدا سەرەتا هێواشە تا بە هاوڕێیەتی مەولانا دەگاتە هیند و پاشان لە گەڵانەوەیاندا کەمێ خێرایی زیاد دەکا و لەوانەشە ئەم خێراییە زیاتر لە نەستی کاکەوەیسەوە پەیوەست بێ بە زووتر گەیشتنەوە نیشتمان بێ ئەوەی هەر بەتەنها ئەوەی لەم گەشتە ڕۆحانیە چنیویەتەوە بەتەنها نەیخوا و بەشی هەموو ئەوانەی لێ بدا کە وەك ئەو تینووی بەرزبوونەوەیەکی وەجد ئامێزن بێ سەری سەرەوە و وەك ئەو ئومێدی هاتنە ئارای هەموو ئاواتەکان دەکەن و ئارەزووی نیشتنەوەی ڕەقە ئەستووڕەکانی وڵاتخێرکەکان دەکەن بێ ئەوەی بە

هۆشکی مەولانایی و بە ڕەحمکی شاهانە، ئەمما شاهانەی سۆفیانە بۆنەوە ئاستی خەڵکەکەی خۆیان و چیتر لە لووتکەی چیاکانی سامانەوە سەیری ئینسانە ئاساییەکان نەکەن.
زمانی مامۆستا جەلیل لە "بۆنی بنیادەم" دا لەوپەڕی جوانی و شیرینییەتی، وشەسازیەکی شارەزایانەی تیایە و بۆ گڕ و گڵە و ئاوازی ریتمە زمانەوانییەکە لەگەڵ خۆیدا دەمانبات و نامانوەستێنێ.
تەکنیکی بەکارهاتوو شێوازێکی هونەریانەی پڕوە دیارە و گڵانەوەی نەخستەتە ئەستۆی تاکە گۆڕەوەیەك و گرنگ لەم ڕستانەدا ئەوەیە دوو یادگە یەکگیان زیندوو و ئەوەی تریان نوسراو لە نێو دەفتەرەکەی میرزا فەتە تەکەڵی یەکتر دەبن و بوونەوەرەکانی نێویان تا دوا ساتی ژیانیان هاوڕێی یەکترن.

یەکێتی زەمەن بە هەستیاری سیناریزە کراوە و کاکەوەیس ژیرانە توانیویەتی دوو زەمەنی دوور لە یەکتر کە دوو سەدەی جیاوازن بخاتەوە نێو یادگەی کوردەواری، و ئەوەشمان بیردەخاتەوە کە حەیف زەمەن بێ لەوێ ڕاژەوە هیچی نەهاتێتە سەر و ئەوەتا دنیا لەم دوو سەدەیەدا گۆڕا کەچی ئێمە مانان و سەرداڕەکانمان هەر لەم بەر و ئەوبەر و ئەمسەر و ئەوسەرین و تۆزقاڵێ هزرمان لە میزاج جیانەکردەوە و هەردەم کێلەی شادیە ساتەوەختەکان بووین و نەمانتوانی شادی بێ هەموو کاتێك درێژە پێبدەین و وەك یەك بیبەشینەوە.
کاراکتەرەکانی نێو ڕمانەکە هەر یەکەیان کەسەکانی سەردەمەکانی خۆیانن، بینین و هەڵبژاردنەکانی کاکەوەیس لە ڕووی سینۆگرافیشەوە وریایانەیە و ئەو توانیویەتی کەرەستەی دیمەنەکانی ڕووداوەکانی نێو ڕمان بە باشی و لێزانانە بدزێتەوە و بیانخاتەوە شوێنی خۆیان، هوشیاری بە سازکردنی سینۆگرافیانەی دیمەنەکان هۆشکی دەرهێنەرانەی دەوێ و بێ ئەم توخمە زەمەنەکان ناتاسینەوە.
جەلیل کاکەوەیس لەم ڕمانەیدا هەموومان دەخاتە نێو سروتگەلی سۆفیانەوە و بە ڕەحە ناسك و دڵە ڕووناکەکەی خۆی داوای ڕووناکایی بۆ هەموو ئەو دڵانە دەکا کە هەشهەگەڵاون و تروسکایەك لە گەشانەوەیان تیا نەماوە، چون چیدی بەرگەی ئەم وەستانە زەمەنیە ناگرین، زەمەنی ئەم ڕمانە لە زەر دوور و لە مۆژەوە دەست پێدەکات یاخود جوانترە بڵێین بۆ زەر دوور دەگەڕێتەوە، بەڵام ساتەوەختەکانی ئێستا کە لێیانەوە دەچینەوە خزمەت مەولانا خالید، لای کاکەوەیس هەمان زەمەنە و ئەمەش ڕەك ئەو زەمەنە میتۆلۆژیەیە کە داریوشی شایگان لە کتێبی" بتە زەینیەکان و یادەوەریە ئەزەلیەکان" باسی دەکا و بەو بازنەیەی دەچوێنێ کە لە هەر کوێیەکیەوە

دەستپێبکەی دەگەیتەوە هەمان خاڵ. زەمەنی میتۆلۆژی لەم ڕۆمانەدا زەمەنی ڕووداوی هەرچی ڕووداوی نێو ڕۆمانەکەیە و هەر ئەوەشە ئەو بەد بەختیەی مەولانا وەک زەمەنێکی تر دەکا بە ئەوەی هەموومان تیایدا وەك یەك دەرنەکەوینەوە.

کاکەوەیس دەیەوێ زەمەنی کوردی بە زەمەنە باشلاریەکە وەرگێڕێ و هەر ئەقەیەکی بە ئەوەی تر ببڕێ بە هێز و ئینەرژی و تیایدا تین و تاقەت بە چالاکیەکانی نێو ئەقە لە دوایەکەکان کەکاتەوە و جیاوازی زەمەنەکان بە جودایی چالاکیە ئینسانیەکانەوە بناسرێنەوە. ئەو سڤیانە وشە و قەڵەم و کاغەزی خۆش دەوێ و کە دەشیانازێنێتەوە تێکست دەخەنە سەما و لەگەڵیشیدا خوێنەر بە سەماوە لەسەر ئاوازی ڕووداوەکان بەستراوەی زنجیرەیەکی یادەوەری و بەسەرهاتەکان دەکا تا ئەو دەمەی بە حەمدەلەیەك خۆی دەحەسێنێتەوە.
دەستخۆشی لە برای گەورە و هاوڕێی هەرە پاك و بێگەردم ڕۆماننووسی گەورە جەلیل کاکەوەیس دەکەم، بە ڕاستی " بۆنی بنیادەم " هەمان بۆنی ڕۆمانە جیهانیەکانی لێدەهات و تام و چێژیشی لەوان کەمتر نەبوو.

هەقایەتە تاقانەکەی دایکم … ئەدیب نادر

ساڵی دووهەزار و چوار بوو, کە کتێبەکەی ئێچ. جی. وێڵز, "ماشێنی کات"م لە دووکانی دەستی دووەم خەرخوازییەکەی بلاك ستۆك ڕۆد بە پاوەندێك کڕی, خۆ کتێبەکەی ڕۆبنسن کرۆسۆی دانیال دەفۆیش لەناو هەفەی کتێبەکاندا جێی بە خۆ گرتبوو, وەڵێ ئەوم نەکڕی, ئەگەر بکرێ لە خۆم بپرسم بۆچی؟ ئەوا هۆنگە وەڵامم بە خۆم هەر ئەوە بێت بۆم : چونکە من بە کردەوە سی ساڵا بوو وەکو ڕۆبنسن کرۆسۆ دەژیام و دەمویست هەڵێك, یاخود بابڵێم کەشتییەکم لە ئاسکانی ئەم دەریای تاراوگەیەدا لێ پەیدا بێت و بمگەیێنێتەوە.."ماشێنی کات"یش ئەو کەشتییە بوو لە ئاسکانی ئەو خەمکییەوە لێم دەرکەوت کە دەریای تاراوگە دایم و دەرهەم خۆی پێ دەڕازاندەوە. ئەو کتێبە, هەر بە خۆی ماشێنێکی دانسقەی ئەوتۆ بوو هەر تاقە وشەیەکی, چەند مەترێك,

یان چەند کیلۆمەترێك, منیان بۆ دنیای تاسە و ئارەزوویەکی بێئامان دەگۆڕایەوە, ئەو تاسە و ئارەزووەی کە چەشنی پشیلەیەك, بە قەپاڵێکی میهرەبان ملی دەگرتم و بەسەر دیوارەکانی حەوت مەملەکەتدا دەیبردم, تاوەکو لە ژیانمدا, جارێکی تر چاوم لەو بکرێتەوە, لەو بەیەکجاریی ووون بێتەوە. بەڵێ, وەکو بەچکە پشیلەیەکی تازە لەدایکبووی چەند ڕۆژە, لەو, لەو دنیا دووڕە چاو ئاوەڵا بکەمەوە..کە هاوکات دنیایەکە, یان دنیایەك بوو, هەم لە بێتەی خەیاڵیشدا و هەم لە تانوپۆی ڕاستیشدا خۆی لە قاڵب دابوو..
ئەم کتێبە نیوداشتە, لە هەندێ شوێنیدا تووڕەی هەڵدەدامە نێو کووچە و کۆڵانگەلێکی سەیر و عاجباتی. سەرەتا, کە بەناویاندا دەگەڕام, ئاوا خۆم دەدواند: ئەمە گەڕانەوەیە بۆ ساڵەکانی ترس و ڕاکردن, ئەو ساڵانەی کە نەیان دەهێشت بە گەنجیی ئاشنا بم, چێژ لە چرکەساتە گەوهەرئاساکانی وەربگرم, نازانم ئەم کتێبە جادووی لێ دەکردم, یان من هێشتاکێ نەمتوانیبوو خۆم لەو شوێنە بەلەسە بکەم کە وەکو فاق و تەڵە گرتبوومی و لێنەدەگەڕا لەدەستی ڕەها بم. سەیرییەکەی لە باوەڕ بەدەر بوو, جاروبار تەمەنی لە بیر دەبردمەوە, هەستم دەکرد هێشتا ساڵە سپییەکانم تەشریفیان نەهێناوە و لە ساتی لەدایکبوونەوە نزیکترم وەك لەوەی لە ساتی مردن نزیکبووبمەوە. جاروباریش: وەك ئەوەی ڕۆژی پەڕەشووتێك ببینێت و لە فەزایەکی بەرفراوانەوە بمخاتە ناو شوێنکی ئەوتۆی وا کە لە هەمان کاتدا دیاریشە و نادیاریشە..
چوار..چوار..

ئەو دەمە و عەسرە, چەند کەڕەتێك تەماشای سەعاتە دیواریەکەم کرد, هەبەتا بەدەم پەڕە هەڵدانەوەوە تیلەی چاوم دەگرتە سەعاتەکە و هەر جارەیش وام دەزانی میلەکە وەکو شمشێرەکەی دیمۆکلیس لەسەر ژمارە چواردا گیرسابووەوە, کەچی دیقەتدان پاشگەزی دەکردمەوە و هەستەکەمی لە شەرم دەگەوزاند. نەختە تووڕە بوونێك داوێن گیرم بوو, تفێکم لە سەعاتەکە کرد..ئاخر من قەت نایەتە بیرم ئاوا تووڕە بووبم, دەتوانم بڵێم من لە هیچ شتێك تووڕە نەبوومە,بۆیە لەو کارەی خۆم تێنەگەیشتم و واقووماندێك داگرتم..چوارچوارچوار..ئەم ژمارەیە ژووڕەکەی تەنییەوە, نەیدەویست دەست لە یادم هەبگرێت. تۆزێك هێدم دایگرتم, بەڵام..ئەو سەعاتە نەفرەتییە, سەعات نەبوو, بەکو چیلکەیەك بوو دەستکی لاسار و بزۆز لە ئاوەزم وەری دەدا و حەجمانی لێ هەڵدەگرتم..بە نەعلەت بێ لە بەرانبەرم بوو, چیبکەم؟ ڕۆیشتمە ژووری خەوتنەکەم و گەیشتمە ئەم دەستەواژەیە:"ئینجا گومانە سەخڵەت کەرەکان دەستەویەخەم بوونەوە.

داخ بۆچی مـــــکەکان ماشنی کات-ەکەی منیان بردبوو؟"و فاقئاسا باندەی نیگاکانی گرتم. وەکو پلەی ئەو ساردییەی زستانی جەمسەرکی دووریش ایان گرتم, کە دەتوانم بـــم ئەم کەسیرە بوونە ئەو تامەیان پبەخشیم کە جارناجار شرینقەی یادەوەریی دەیچـــنتە ناو دەمارەکانی گیانمەوە.. یەکەمجار کە ئاوم لە دیوارەکەی بەرامبەرم دایەوە, ووتوقووت بوو, بەام کە سەرلەنو سەرم هەبرییەوە, تارمایی سەعاتەکە دەرکەوتەوە, وەك بـــی ئەفسوونکی ناوازەم لبکات, دیار بوو, دیاریش نەبوو. لەوە دگران بووم کە ژمارە چوار شونی خی بەج نەهشتبوو..بە خم گوت: ئەی دەستم ب خاییە, کتبەکە چی لهات؟ کتبەکە ببووە ماشنی کات و وەك بـــی لە شونکی گەرم گەرمەوە, یان لە دزەخکی سارەوە گەیشتبمە شونکی دیکە. شەماـــکی ئارەق هونەرەوە لیدام و پەییم بەوە برد کە ئەمە ئەو شونەیە کە زرجار وەکو گەردەلوولك وردوخاشیی بیرکردنەوە و خەیام ب لای خی اپچ دەکات و دەیبات, دەیشزانم وەکو خەونك وایە, خەونك, کە وەکو چاوترووکانك تەمەن کورتە و درژە ناکشت و..کە وەکو مووی ناو ماستیش لەناو خەوەکانم خی دەردەکشت, هەست بە مایە پووچییەکی بـــادە دەکەم, گجەکـــەی ئومـــدی نـــاخم یکردی پچەوانـــە دەشکنن. دەکەومـــە شونك..وردوخـــاشییم چیـــدی وردوخـــاشیی نییـــە.. لـــرە: شتەکـــانی یادەوەرییم بەرجەستە دەبنەوە, یان شتەکان بەر لەوەی لە یادەوەریی بنەخشن دەردەکەونەوە..شتەکان ئازارم دەدەن, سەرشکان, دشکان و..شکانەکانی تریش…کـــانەکان ختووکەی ئارەزووی قاچەکانم دەدەن, بەر لەوەی شەقاوەکانم تاوبدەم, بەردك دەگرمە حەوشەیەکی ئاشنا, لـــە دەرگـــاکەوە, عەلەدرـــژ دتـــە دەر, مەوداکـــان پ دەبـــن لـــە سەرسامیی: پی دەـــم: دەـــی ـــژك لە عومرت تنەپەیووە, ئەویش لمەبارانە لم وردەبتەوە و هەمان شتم پ دەـــت. پم هەرس ناکرت. خم دەدونم: یانی چی؟ یانی ئمە هشتا هەر گەنجین؟ زەحمەتە ئەمە وەك باوە بچەسپت,بەام..بە هەشتاو بەرنامەیەکی سەرپیی دادەنیـــن. کـــات هشتـــا گـــرەوی لمـــان نەبردتـــەوە, پەنجەرەیەکی ئەفسووناویی سەرمان پ هەدەبـــت, ئەوە پەنجەرە پیرزەکەی ئوم مەجیدە, ئەو پەنجەرەیەی دەبوو لە کوەوە بمانکات بە پیاو, کەچی مخابن! شار دەبتە کیژکی نایابی ئەوت نیگاکانمان بە بای خیدا دەدوورتەوە, ئمەیش گرانی: ئەنگوستت دەرزی زولفت خەیاتەی ب دەـــین. بارانکی بەستەزمان دەکەوتە بارین, ئمە تە ناکات, وەل زەوی دەکاتە جەستەیەکی خنکاو, ئمەیش هەر تەنها ئەوەمان لەدەست دت تەماشای بکەین..کـــانەکان باوەشن, باوەشی گەرم و گون و بەدوای خیاندا اپچمان دەکەن, ب هەر کو

دەچین, لە هەر کۆ سەیری سەعات دەکەین, سەعات هەر چوار نیشان دەدات..بە کۆتایی جادەکەی شاترلوو, ئەو جادەیەی حەمام عەلی بەگ دەکەوتە سەری, پێ هەڵدەگرین, گەستانەکەی تالیم تەپپە نیگاکانمان تۆزاویی دەکات و بەر لەوەی بگەینە پێچەکەی دەستە ڕاستی شەقامی جمهووری, مامۆستا عەبدوڵا سەاج بەرەو پیرمان دێت, زۆر سەرسامانە پێمان دەڵێت: ئەوە هەشتا نەیشتوون؟ ئەی من نەمووت خۆتان لەم بارانە ناەسەنە دەرباز بکەن؟ ئەی من نەم..
ئیدی نازانم عاشقین, یان سەرخۆش..
بەر لەوەی بەرەو کتێبخانەکەی ئاسۆ شۆبینەوە, لە پێچەکەدا, وەك هەمیشە, حسێن میسری و سەعید کاکەیی سەرقاڵی دەمەتەقێیەکی شانۆیانە بوون سەبارەت بە پرۆژەکانی"تڕی ڵوی", کە بە منداڵان تایبەت بوو, لەوێ قەدەرێك لە تەکیان ڕاوەستاین و هەندێك سەرم نایە سەریان, بەڵام هیچ دەمەقاڵەیەکی لێ سەوز نەبوو, پاشان میهرەبانانە بێ جەنەڕا پرۆژەکەی ڵۆژی پێنج شەممەیان داوەتیان کردم, لەوێوە داگەڕاینە خوارەوە و ئینجا چووینە ناو "ئاسۆ" و نەختێك چاومان بە کتێبەکاندا گێڕا و ئەو دەمەی کە دەمانویست ئەوێ بەجێ بهێڵین, کاك جەبار لە ژێر مێزەکەی بەردەمی, کتێبکی بچکۆلانەی خستە ناو هەفتەنامەیەکی هاوکارییەوە و وتی: کاك فەخرەدین چوار سەد و بیست و پێنج فلسمان بدەرێ. منیش هەفتەنامەکەم کردەوە"ناەی جودایی- یەکەی هەمن"م تێدا بینی, وامزانی بە بەلاش دەمداتێ, پارەکەم دایێ و دەرچووین..لەوێوە پەینەوە, بەرەو"کازینۆ نەسر"سەرکەوتینە سەرەوە, پیشانگای شێوەکار"سوعاد ستار"ی تێدا نمایش کرابوو, تابلۆ تاریك و خەووزئاساکان بێ تروسکایی بوون, هەندێك مشتومڕم لەگەڵا کاك سوعادداکرد و نەگەیشتمە هیچ ئەنجامێك, ئینجا بوو بە مشتومڕکی گەرم و گۆ, من نەمتوانی شێوازەکەی قبووڵا بکەم,کەچی"ئەییوب شەریف"باسی ئەوەی دەکرد کە ئەمە شێوازکی تەعبیرییە و گشت تابلۆیەك بە مانایەکی پەردەپۆشکراو دووگیانە, لەڕاستیدا, دەمتوانی دەرك بە قووڵییەکانیان بکەم, بەڵام دانم پێیاندا نەدەنا,دەموێست خەڵك بخرێشێنن, هەستم دەکرد بێ من تابلۆکان بەیەك دەچن, چۆن گومەزی مزگەوتەکان هەر هەموو هاوشێوەن, ئە ئاوا. بێیە پێم گوت: نەدەبوو پێیتەیەك لەناو ئەم هەموو شەوەدا تیشك بداتەوە, خێ لەم هەموو تاریکاییەدا چاو چاو نابینێت. پاشان مشتومڕ هەر بەردەوام بوو, عەلەدرێژیش, وەك هەمیشە هەوێدا شتەکان بە ئاڕاستەیەکی فەلسەفییدا بەرێت, بەڵام بێ نەچووە سەر, ئیدی ئەو کەشوهەوا بارگاوییەمان بەجێ هێشت و لێماندا ڕێشتین ..هەموو کۆانەکان گەڕاین, لای مەزاتخانەکە عەلی وتی: با سەرێك لە باوکت بدەین, من پێویستم بە سپرایەکی خۆەمێشی هەیە,

ەنگە لای ئەو دەست بکەوێت.

چووینە لای, هەر بە خووخدەی جارانی خۆی, وەکو ئەوەی پارچە شیرینییەك بێت و مێش و مەگەز تێی وروکابێت, دەوری جمەی دەهات, پێکەنین خانەیەکی ئەوتۆی دامەزراندبوو ئەوسەری دیار نەبوو, هەر کە لە چاوەکانی دەرکەوتین, هاواری کرد: ها کرماشانی..کەشێر کرماشانی چۆنی؟ عەلەدرێژیش وەکو ئەوەی چاوەڕوانیی شتێکی دیکەی لێبکات, دەنگی لێوە نەهات, ئیتر باوکم دەستێکی بە سمێڵە زلەکەیدا هێنا و بە پێچەوانەی گرژ و مانیی و کەمدوویيەکەی ماڵەوەی, ووخۆشانە و گاڵتەجاڕانە وتی: وتت بە دایکت؟ وتت بە دایکت سەروپێیەکمان بێ بکات و دوو پەمان بێ هەبگرێت؟ ئیتر ناگەهان ئەو دەوروبەرە بوو بە شایلەغانی پێکەنین, من زۆر تەریق بوومەوە, بەڵام عەلەدرێژ, ئەگەرچی دەیزانی باوکم لە دەرەوە ئەو گاڵتە بێحەددوسنوورانەی بێ مەبەست بوون, وەڵێ لە ناخەوە وەك کەفوکۆی قاوە هەڵچبوو.. ساتێك بیدەنگیی حەپەسانی پێبەخشین و ئیدی وەکو دوو دز قەڵفەمان بێ کرد و ئەوەمان بەجێ هێشت. پاش ئەوەی نەختێك دێیم دایەوە, لێخنییەکەی هەوییەوە و بەلای حەسیرەکەدا, بەرەو پریادی شێبووینەوە, دوو هێڵز بوو ئازاد شەیدا دیار نەبوو تاسەمان دەکرد و دەبوایە بیبینین, ئیتر نازانم دواتر لەوەوە بێ کۆچووین..بەڵام ئەوە دەزانم کە ئاوەستان بەرێکی نەگرتین, هەر هێشتین و هێشتین, هەستم کرد ئەم شارە گەنجییمان ناداتە دەم هیچ هەوت و تەووزەك, گەنجییمان هەر تێیدا دەمێنێتەوە, گەنجییمان مسگەر لەودا پارێزراوە..ئینجا بە بێ ئەوەی ماندوو بووبین بە لای سینەما خەییام دا لێژبووینەوە و بەسەر پردەکەی سەرخاسەدا ملی کێنیشمان گرت و بەرەو لای قوتابخانەکەم, ناوەندیی باوەگوگۆپەینەوە, دەبوایە هێدمەیەکی قووڵا دامبگرێت, بەڵام..چاوم لەسەر پەنجەرەکانی گیرسانەوە, تەنانەت یەك شووشەی ساغ چییە پێیانەوە نەمابوو, بێدەنگ بە هەورازەکەدا هەڵگزاین, لەسەر پردە بچکۆلانەکەوە, بەلای چەپدا خوار بووینەوە, لە قەبرسانەکەوە, بە هەنگاوی سووك, سووکتر لە کێشی ئەو پەپوولەپاییزەی کە شۆنەکان گەمەی پێدەکەن, لێژ بووینەوە و بەرەو تەپەی مەلا عەبدوڵا, ئەو شۆنەی کە لێیەوە ئەم گەشتە پیادەیەمان دەستیپێکرد, گەاینەوە. هەر کە نزیك بووینەوە, یەکەواست دەنگی دایکم منی کردەوە بە منداڵك و کەوتمە ناو دوورگەی تاقە هەقایەتە کاریگەرەکە یەوە..هەقایەتی "بولبوولکی دڵشکاو", گۆم سەرلەنوێ پڕپڕ بووەوە لەم هەقایەتە, وەك ئەوەی شتێکی سەیر ڕووبدات, تەماشای سەعاتەکەم کرد, سەعات چوار بوو, هاوکات بە یەکمان گوت: کوڵا کات زەفەری پێ

بردین؟ ئەم دەستەواژەیە هێزێکی جادوویی هەبوو, وەکو هەکەس پێکەسی جادووگەرێك وابوو, هیچ شتێك لە دەوروبەرم دیار نەما, کتوپڕ گوێم لە دەنگی قاژقاژە بوو, دارەکان هەنگی خۆیان تەکاند, دنیا بە تەواوەتیی خۆی لە تۆزی خەمەش وەردا, تاق و تەنیا خەم بەدی کرد, نە عەلەدڕۆژ, نە تەپپەی مەلا عەبدوڵا, نە دەنگەکەی دایکم, نە هەقایەتە تاقانەکەی و نە شار و نە ئەو دنیایەیش چیدی لەبەرچاوم دیار نەما, کە پێیەکانم تێیدا جێ ئەتەری کۆنی خۆیان هەڵدەگرتەوە. هەستم کرد سێبەری من جارێکی تر ناکەوێتە سەر ئەرزی ئەم شارە, ئەو شارەی کە پارێزگاریی لە گەنجییم کردبوو, هەویبووەوە, بۆشاییە خەمەشییەکانی هەر تەنها دەنگی ئەفسووناویی قاژقاژە تژییان کرد و سێبەرەکانیشی بایەکی بێ یادەوەریی لەگەڵا خۆیدا دەیبردن. لەناکاو کتێبەکە لە دەستم پەیدا دەبێتەوە, چاوەکانم بە سەعاتی سەر دیوارەکەدا هەڵدەشاخێت, میلەکە لەسەر سەعات چواردا بە قەتیسیی دەبینم, تفڕکی لێدەکەم و لاپەڕەیەك هەڵا دەدەمەوە, لاپەڕەی کۆتاییە: ئاوا دوا دێڕی دەبینم: یان دوا دێڕی وای لێ دێت:"گەشتیارەکەی کات بەر لە- سی ساڵا- دیار نەما. ئێستا ئیدی هەموو کەسێك دەزانێ کە ئەو هەرگیز نەگەڕایەوە".

ئیتر دایدەخەم..بیردەکەمەوە, بیرکردنەوە وەکو پەنجەرەیەکی هەڵماویی لێدێت, بێ ساتێکی کەمخایەن ڕوون دەبێتەوە: ئەو هەموو ساڵەی دوور لە کۆڵانەکەی جارانم هەمیشە هەستم بەوە کردووە کە شتێکم بزر کردووە, هەمیشە هەستم کردووە کە بکەومەوە ناوی, ئەو هەستەم وەکو شلەیەك دەبێ بە هەڵم و دیار نامێنێ, بەڵام..ئێستا, ئێستا پاش ئەوەی پشیلەی بیرەوەرییەکان, بە قەپاڵا ملی تاسە و ئارەزووەکانی بینینەوەم بەسەر دیوارەکانی حەوت مەملەکەتدا دەبات و دەمگەیەنێتەوە, هەست دەکەم ئەو هەستە شلە ئاسایەم ناپاکیی لێکردووم. ئیتر پەی بەوە دەبەم کە برژانگی چاوەکانم چەشنی گژوگیای سەرلەبەیانی بە دڕپەی ورد تەڕ تەڕ بوونە.

ئەیلوولی2016: هەولێر

ژەهری مار Snake venom ... د. ناجح گۆپی

ژەهری مار بریتیە لە لیکی مار کە ژەهری تیدایە، بەهۆی کەبەکانیەوە دەیکاتە لەشی نەچیرەکەی، دەبێتە هۆی ئیفلیج بونی نەچیرەکەی و یارمەتی هەرس کردنیشی دەدات، هەندە ماریش هەیە لە کەلەبەکانیەوە ژەهر دەپرژێنی، زەهری مار پێکهاتوە لە(مادەی پرۆتینیو پێپتاید ، ئەنزیم وخوێی کانزا،هەندێک مادەی نا ژەهراوی کە سود بەخشن بە ژیان) لە شوێنێک کەبەتاوە پێ دەوترێ کیسەی ژەهر لە ژێرو پشتی چاوەکانیدایە، ئەم کیسە ماسولکەییە بە بڕیک بەستراوە بە بنکەی کەلەبەکانیەوە تا کاتی پێوستو پێودان دەی ئژێنێت ، کاریگەری ژەهری مار دەگەڕیت بۆ پیی جۆر و گەورەو بچوکیو،شووینی ژیانی مارەکە، وەک لەسەرەتای جۆرەکانی ژەهرەوە باسمان کردوە ،ژەهری مار زیندە ژەهرە یان ژەهری بایەلۆجیەو لەلایەن گیانەوەرەکانەوە بڕەهەم دێت ، ژەهری مار دوو جۆری سەرەکی هەیە بەپێی کاریگەری لەسەر ئەندامانی لەشی گیانلەبەرەکە:

یەکەم : ژەهری شیکەرەوەی خوێنو لوولەکانی خوێن (hemotoxins) واتە کاریگەری لەسەر کەئەندامی سوێی خوێنو دە ولوولەکانی خوێن دەکات، خرەکە سورەکان شی دەکاتەوە کاری لوولەکانی خوێن تێک ئەدات،ناهێڵێت خوێن بمەیێت، خوێنەژی دروست دەبێت پاشان لەئەنجامدا گەنگرین دروست دەکات لەشوینی پیوەدانەکە، هەندە ژەهریشیان هەیە دەبێتە هۆی خوێن مەیین و دروست کردنی کەی خوێن، هی واشیان هەیە رادەی دەماندن لەنیوان خانەکاندا زیاتر دەکات و تا ژەهرەکانی تر بەئاسانی بچنە ناو خانەکانی لەشو ئاسان بلاو ببنەوە، جۆرەکیشیان دەبێتە هۆی نزمکردنەوەی فشاری خوێنو کارەکانی دە تەکدەدات ،چەندین جۆری کارو میکانزمی تریان هەیە، بەیە مرۆڤ توانای بۆرگەگرتنی پیوەدانی ماری زۆرکەم و زۆربەی کات مردن دەبێتە میوانیان ، ئەو مارانەی کوردستان لەم جۆرەن و ئەنزیم گەلی (proteases پرۆتیاسیس) تیدایە کە خوێنو ێیشالی ماسولکەکان شی دەکاتەوە. مار ژەهریکی تایبەتی هەیە بە ئەو گیانلەبەرانەی کە دەیەوە بیان خوات لەکاتی برسێتیدا پاش پێودان یارمەتی هەرس کردنی نەچیرەکەی دەدات پاش قووتدانی و لە ناو کەئەندامی هەرسیدا وەک (ئەمینەئاسید ئەکسیدێس و پرۆتیاسیس)، ئەم جۆرە مارانە لەهەمو جیهاندا بلاون بەتایبەتیش لەکوردستان ،کەلەبەکانیان درێژ و توانای جوڵانیان هەیە، لەخێزانی (Viperidae) قایپەریدین.

دووەم : ژەهری مار کاریگەری لەسەر کۆئەندامی دەمار دەکات(neurotoxic)، واتە کاری دەمارەکان تێک دەدات وماسولکەکان توشی ئیفلیجی دەکات، دەبێتە هۆی وەستاندنی ئاماژەکان (ناردنو هاتن) لە ناو دەمارەکاندا،کاتێ مادەی ئەسیتیل کۆلین دروژێت و دەبێتە هۆی گرژ بونی ماسولکەکان و خاو نابنەوە چونکە ئەنزیمی کۆلین ئیستەریس کۆلەناو ژەهری مارەکەدایە کاری ئەسیتیل کۆلین تێک ئەدات، ،لەکۆتایدا دەبێتە هۆی ئیفلیج بونی کۆئەندامی هەناسەو خنکانی گیانلەبەرەکە، هەروەها ئەم ژەهرە بە نەچێرەکانیشی بەسودە کاتێ دێنەوە قوتیان بدات،جونکە ژەهرەکە وا دەکات لە گیانەوەرەکە کە ماسولکەکانی هیزیان تیدا نەمێنێتو لەجوڵە بکەون، ئەم جۆرە ژەهرە لەو مارانەدایە کە کەبەکانی ژەهریان کورتە و ناجوڵێن وەک ماری کەبرا و مامبا، کەلە خێزانی (elapidae) ئیلاپیدای ن ،لە ناوچەکانی هەیە ئیستواو خواری ئیستوا دژین، نمونەی ئەو ئەنزیمانەی کە دەبنە هۆی دڕاندنی بونی ماسولکەکان و ئیفلیج بوون (کولین ئیستەریسcholinesterase) و (phospholipase A2 فسفۆ لایپێس). جۆریکی تری ئەنزیم هەیە دەبێتە هۆی دڕاندنی بونی ماسولکەکان راستەوخۆ،هۆشیانەو دەبێتە هۆی لەکار خستنی ئاماژە دەماریەکان واتە هەستەدەمارو جوڵەدەمارەکان لە کار دەکەون، ئەنزیمی واشی تیدایە کاری دڕاندنی دیواری خانەکانە.

ماری کەبراو هاوخیزانەکانی واتە ئەوانەی کەبەکانیان کورتە توانای پرژاندنی ژەهریان هەیە لەدوریەوە بە دوژمنەکانیان(1-1.5 مەتر) دەی پرژێنی ، هەوئەدات ژەهرەکە ئاراستەی چاویان بکات،ئەگەر بچیتە چاو ئەوا دەبێتە هۆی کوێربونی نەچیرەکە، ئەگەر بە مرۆڤی بوشێنی ،ئەوا دەکرێ یەکسەر بە ئاو بیشۆیت و کاریگەری ژەهرەکە کەم دەکاتەوە،هەروەها ئەگەر بڕ لەش بکەوێت و پێستەکەی بریندار یان ەوشاو بێت ئەوا کاریگەری ژەهراوی بونی هەیە.

هەندێ پێلینیش هەیە ژەهری مار و کاریگەریەکانی لەسەر لەشی نەچیرەکەی دەکات بەچوار جۆرەوە:
1- ژەهری شیکەرەوەی شوینی پێوەدان(گەستن) ،هەرچی پرۆتینی ناو خانەکان هەیە تێکیان دەدات
2- ژەهری خوێن کار لە سەر کۆئەندامی دەو لوولەکانی و پێکهاتەی خوێن دەکات
3- ژەهری دەمار کار لە کۆئەندامی دەمارو مێشک دەکات
4- کاریگەری ژەهراوی کردنی خانەکانی دەورو بڕی شوێنی گەستنەکە

پێکهاتەی ژەهری مار: زیاترلە 90٪ ی ژەهری مار مادەی پڕۆتینی

جراوجار کە بەرپرسە لەهەموو زیندە گیرانکاریەکانی دوای گەستن ، هەروەها ئەنزیم و مادەی سود بەخشییشی تێدایە،(ئەنزیمەکانیش پێکهاتەی پرۆتینین) ، بەشێوەی گشتی ژەهری مار نزیکەی 20 جار ئەنزیمی تیدایە ، بەپێ جاری مارەکە، ژمارەو جاری ئەنزیمەکان جیاوازن، ،هەر ئەنزیمێکو کاری خۆی هەیە بە لانەاو بردنی نەچیرەکەی،هەموو مارێک لانی کەم (6-12) ئەنزیمی هەیە،پێکهاتەی ئەنزیمەکانیش جارە پرۆتینەکن ،کە دەبنە هۆی زیادکردنی کارلێک و چالاکی خانەکان و دواتر لەکار خستنیان و مردنی گیانەوەرەکە.
ژەهری مار کاتێک لەڕێگەی دەمەوە دەخورێت،ئەوا لە گەدەدا وەک هەموو پرۆتینێک هەرس دەکرێت و هیچ کاریگەری ژەهراوی نابێت لەسەر مرۆڤ.
نیشانەکانی مار پیوەدان: سەرەتا چەن بزانین کەسێک مارناگازە ؟
نیشانەکانی ئەمەیە (دوو کونی مارگەستن دیارە ،سوربونەوەو ئاوسانی شوێنی گەستن،ئێشو ئازاری شووینی گەستن، ێنگی دەپەڕێت ، هەست بە تینیوێتی دەکات ، فشاری خوێن دائەبەزێ، سەرئێشەیەکی توند،گێژ بوون،هەست بە دەخاوبونەوە ێشانەوە دەکات، ئازاری ناوسک، لەرزینو ئارەق کردنەوە).
چارەسەری مارانگاز:
بەپێی بڕاو کراوەکانی ێیکخراوی تەندروستی جیهانی ئیستاش ٪80 ی چارەسەرەکان لەڕێگای بەکار هێنانی دەرمانەوەیە، هەندێک دەرمان هەیە کە لە پێکهاتەی درەخت و گیاکان دروست کراوە لەگەڵ کهول و زەیتوندا پێکەوە لە شوشەدا هەڵگیراون ، وەنەی ماریان لەسەرە ،ئەمانە سودیان هەیە بۆچارەسەری خیرای مارانگاز هەتا دەگەیەنرێتە نەخۆشخانە، هەروەها جاران باس لە بینی شوێنی گازی مارەکە و هەڵمژینی ژەهرەکەی لەلایەن کەسێکی تروە،و بەستنی قاچ یان دەست لەسەرووی ئەو شووێنی گەستنەوە تا دەگاتە بنکەی تەندروستی، دەبێت هەمنی بپاریزیت و ئینجا شووێنی گەستن بە سەهەڵ داپۆشیت تاکو سارد بێتو ێگا بگرێت لە بلاو بونەوەی زیاتری ژەهرەکە.
هەروەها لەنەخۆشخانەکاندا چارەسەر هەیە بە بەکار هێنانی سیرەم (serotherapy) دژی ژەهری مار، وەدەبە ئەوەش لەبەر چاو بگیریت ئەو سیرەمە دەبێت بەرگری بدات و هەماهەنگبێت لەگەڵ ژەهری مارەکانی ناوچەکە، چونکە ئەوسیرەمانەی لە ولاتیک دروست دەکرێن تایبەتن بە ماری ناوچەکانی خۆیان،و بەرگری نادەن بە ژەهر ماری ناوچەیەکی تر، ئەمەش وادەکات ئاڵەزی و گرفت پەیدا بکات لە چارەسەری مارانگازدا.

ئایا مارەکان ژەهراوین بە یەکتری؟ : لێکۆڵینەوەکان دەریان خستوە هەندێک لەمارەکان بەرگەی پیوەدان و گەستنی مارەکانی تری هەیە

،بۆتایبەت ئەوانەی کە لەناوچەیەکدا دەژین.
هەندێ لێگیان لەبارەکان ژەهری مار کاریان تێ ناکات وەک (ئەو باشندانەی کە مار دەخۆن، هێروەها بەراز ،جونکە ئەنزیمێکی هەیە لەناوخوێنیدا کە کاریگەری ئەنزیمەکانی مار هەدەوشێنێتەوە، پاشان سەرەیەکەکە لەو گیانەورانەی کە ژەهری مارو پەوەدنی مار کاری لێناکات ئەویش بەهۆ بوونی جۆرە پرۆتینو ئەنزیمێک لە خوێنیدا کە کاریگەری ژەهری مارەکە پوچەڵ دەکاتەوە) .
مرۆڤیش هەردەم لەهەوڵدا بووە بۆ پەیاد کردنی بژگری و ڤاکسینی مار پیوەدان، بۆنمونە "بیل هاست " چەندین جار بۆ دەرزی ژەهری ماری داوە لەخۆی بەهیوای ئەوەی بژگری لەشی بەهیز بکات، ئەم کەسە لەماوەی ژیانیدا کە تەمەنی 100 ساڵ ژیاوە،،و 172 جار لە مار گەستن ەزگاری بوە ئەویش بەهۆی ئەو ژەهرەوە بوە کە پشتر بۆکاری هێناوە،ئەستاس هەوڵەکان بەردەوامن بۆ دروستکردنی ڤاکسینێک بۆ بژگری لەش لەمار پیوەدان.
سودەکانی ژەهری مار: وەک لەسەروە وتمان ژەهری مار هەندێ مادەی سودبەخشی تیدایە ، هێروەها مادەژەهراویەکانیش دەتوانرێ سودیان لێ وەربگیرێت وەک:
1. ژەهری مار بۆکار دەت بۆ کاتی خوێن مەین و سەکتەی مەشک: واتە ئاهەنگە خوێن بمەیەت ، ئەویش بۆ هەڵهەجانەدنی مادەی "دیفیبرینەیز" کە ئاستی فایبرینەجین کەم دەکاتەوە لەناوخوێن، بەم شیوەش کەبونی خوێن کەم دەبێتەوە.
2. بۆچارەسەرکردنی تێکچونی مەشک لەمردا سودی هەیە.
3. یارمەتی نەهێشتنی سەکتەی دڵ ئادات ،دەبێتە هۆی بەهێزکردنی ماسوڵکەکنی دلو خوێنبەری تاجی
4. بۆچارەسەری نەخۆشی شەکرە،ئاستی شەکر لەخوێندا ێیک دەخات
5. پاریزگاری لە فشاری خوێن دەکات،ناهیلێت بەرزو نزم بکات
6. بۆ دروستکردنی هێندێ مەرهەمی تایبەت بۆ جوانکردنو نەرم کردنی پێست،و دەبێتە هۆی درەنگ دەرکەوتنی نیشانەی پیری.
7. وەک سیرەم دەدرێ بۆ منان تاکو بژگری پەیدا بکات دژی مار گەستن
8. لە پێکهاتەی هێندێ دەرماندا بەکار دەت

د.ناجح گوڵپی
13/6/2017 هەورامان

_____

سەرچاوە:

.1

http://www.chm.bris.ac.uk/webprojects2003/stoneley/types.htm
2. https://en.wikipedia.org/wiki/Snake_venom
3.
https://www.scienceabc.com/eyeopeners/why-does-snake-venom-kill-humans-but-not-the-snake-that-is-filled-with-venom.html
4.
http://mawdoo3.com/%D9%81%D9%88%D8%A7%D8%A6%D8%AF_%D8%B3%D9%85_%D8%A7%D9%84%D8%AB%D8%B9%D8%A8%D8%A7%D9%86
.5

کاراکردنەوەی پەرلەمان! … تاهیر حاجی حەسەن

پێش دەسپێک دەکرێت بزانین پەرلەمان بە هەیبەتی پێداکردوو هەیبەتیان پێداوە لەنێو سیستەمی سەرمایەداریدا. ئاخۆ دەکرا بەرژوازیەت لەدەرەوەی پەرلەمان بیتوانیایە ئەم شەرعیەتە یاسایەی ئەستا مسۆگەری کردوە،لەدەرەوەی دەزگای پەرلەمانیش بیکردایە؟ ئاخۆ ئەو شۆنەی ناونراوە پەرلەمان و هەیبەتکەی نەونەتەوەیی وەرگرتوە،لەبنەڕەتدا بە چارەسەری کێشە و کۆموکۆیکانی چین و تۆژێ چەوساوەکانە یان بە شەرعیەت دانێ بەو چەوساندنەوە چینایەتیانەو پەردەپۆش کردنی چەتەیی و تاڵانیکانی سیستەمی چەوسێنەری حاکم؟ لەکام سەردەم و لەکام ساتدا پەرلەمان بوە بەو هەزی توانیبێتی شەرعیەت بەهەزوئیرادەی گەل یان چینێ چەوساوەکان بگۆڕێتەوەو دەسەڵاتی لەدەستی چینێ جەوسێنەرەکە سەندبێتەوە؟
لەسەردەمی ئاوگەرێ ڕیشەیکانی قۆناخی کۆتنی سیستەمی فیودالیەت و جێخستنی بەسیستەمێکی جیاوازتر وە خاوەن تێگەیشتنێکی وریایانەتر بە بردنە پێشی مەدی چەوساندنەوەی چینێ بەرهەمهێنەرکان و گۆڕەسەندنی پیشەسازی و پێشکەوتنی جیهانبینی زانستی لەکەی بوارە جەربەجەرەکاندا، بەناچاری بە سیستەمی نوێ کارەکی نوێیشی دەخواست کەبتوانێت لەجێی دیوخانی ئاغاو دەربەگ و پاپاکان، شوێنکی پیرۆزکراو جێ بخات تا گشت لایەک لەژێر ئەو چەترەدا کۆ بکاتەوە کەخەی دروستی کردوە. ئەو جێگایەیش پەرلەمان بوو.

زیاد لە سێ سەدە دەبێت پەرلەمان کراوە بەجێگایەک کەخاوەندارێتی تایبەتی تەدا پیرەزتر کراوە و لەگەڵی یاساکانی پەرلەمانەوە مافی خاوەندارێتی تایبەت هێندەی تر تەخ تر کراوەتەوە و دەستی دەوڵەت و خاوەن کارەکان و خاوەن شەریکاتە قازانج پەرستەکان هێندەتی تر مەشروعیەتی یاسایی و ئیداریان پێ بەخشراوە، لەبەرانبەردا، هەرچی هاتوە، دەوڵەتی سەرمایەدارەکان، کەی ناڕازایەتیە جەماوەریەکان و کەی ئەو ئەنتەرناتیفانەیان مایپوچ کردەتەوە کەخواستویانە لەگەڵی دەرەوەی پەرلەمانەوە ئاوگەڵەکان بۆئەنجام بگەیەنن، یانی لەگەڵی بەرپاکردنی شەڕشکێی کەمەڵایەتی و کەتایەهێنان بەهەیمەنەتی دەسەڵاتی چینێکی چەوسێنەری کەمایەتی. بۆیە، دەسەڵاتی دەوڵەتی سەرمایەداران،هەمیشە، لەگەڵی پارتە جەراجەرەکانی بەناو ئۆپۆزیسیۆنەوە، کەلەئێستەدا هەر سەر بەو خەزانە بەرژوازیەن،کاریان کردوە لەسەر ئەوەی پەرلەمان بکرێتە تەنها مەرجەع بۆیەکلایی کردنەوەی کێشمەکێش و ململانێکانی نێو خودی چینی بەرژوازیەت. دیارە بەو کارەیشیان توانیویانە تائێستا درێژە بەو چەواشەکاریانەیان بدەن و دەزگای پەرلەمانیش وەک هەریەک لەو پایانەی کەهەیبەتی دەوڵەتی چەوسێنرانیان ڕاگرتوە،هەمان شت بگەڕێت.

پەرلەمان لەهەر وڵاتێکدا، کارامەیی و ئەوەی بەڕێن کارێکی کردبێت کەلەخزمەتی خواست و داواکاریەکانی چین و توێژە بەرهەمهێنەرەکاندا بوبێت،لەگەڵ ئاستیدا،ئەوە ئاستی هۆشیاری سیاسی چینایەتی ئەو چین و توێژە بەرهەمهێنەرانە بوە کەپەرلەمانی ناچار کردوە، بەناڕاستەوخۆ،وەک دیاریەکی دەستی خەیشی دواتر ئەو داوایانەی جێبەجێ کردوەو تاکاتی نادیار لەسەری کاری کردبێت. بەپێچەوانەوە لەو وڵاتانەی ئاستی هۆشیاری سیاسی چینایەتی لاوازە، پەرلەمان، نەیتوانیوە هیچ کارێک ئەنجام بدات کەلەخزمەتی چینوتوێژە چەوساوەو بەرهەمهێنەرەکاندا بوبێت. بەپێچەوانەوە هەمیشە، کاری هەڵخەڵتاندن و دەستی پێکردنی خواست و ئامانجە ڕواکانی جەماوەری زەرینە بوە. چونکە لەو وڵاتانەدا، بەهەڕەمی باشووری کوردستانیشەوە، ئەوەی دەور دەبینێت، هەیبەتی سەرکە دیکتاتەرەکان و پارتە بەرژوا قەمی و دینیەکانە،نەک هەیبەتی پەرلەمان. بۆیە هەرچ خواست و بۆیارو بەرژەوەندیەک کەلەخزمەتی هەیبەتی سەرکەدا نەبوبێت،مایپوچ کراوە. پەرلەمان، لەدەوڵەتانی خاوەن پیشەسازی و بەدامودەزگا بونیشەدا، زۆر زیاتر لەخزمەتی بەرژەوەندیە چینایەتکانی دەوڵەت و خودی چێتە دەسەڵاتدار و کەمپانیا زۆبەلاحەکاندایە تا لەخزمەتی چین و توێژە بەرهەمهێنەرەکاندا بێت.

دەوڵەتێکی ئیمپریالیستی وەک دەوڵەتی ئەمریکی و دەوڵەتێکی ئیمپریالیستی وەک ڕوسیا، کاتێک جەنگ کاول کاریەکانیان بەرپا دەکەن و هەرش دەکەنە سەر دەوڵەتانی تر، پشتر لەوێی پەرلەمان و یاساکانیانەوە بەهانەو هەکار دەدەزنەوە،دواتر دەست دەکەن بەچەتەگەریەتکەیان،تا بەو کاریان شەرعیەتی بەپیرەز کردن و لەسەر هەق بوونی جەنگکانیان جی بکەنەوە و جەماوەری لەدەور خۆ بکەنەوە،یانی چەن شەرعیەتی یاسایی بدەن بەجەنگکانیان و کارە دەندانکانیان،کەسەدان هەزار لەمرۆقی زەحمەتکەش بکوشت دەدەن لەپەناو ئامانجکانیان،یانی وەدەست خستنی قازانجی زیاتر و کەمکەکە کردنی سەرمایە لەژێر دەستی ئەو چینە کەمایەتیەدا، کەبەزەری خەسپاندن و سەرکوتەوە تەمانی خەیان درێژ دەکەنەوە و جەماوەریش دەکەن بەکەیلەی نەو خواستە ناڕەواکانی خەیان.

ببینن، بزانن پەرلەمانی دەوڵەتی تورکیا چەن بەدەنگی زەرینە،بەیارو خواستە شۆڤینیستیەکانی ئەردۆغان و دەوڵەتکەی دەکەن بەیاسایی و لەو ڕێگایەوە،دەرگا واڵا دەکەن بە سوپا کەبەئارەزوی خەی کوشت و بەی خەکی زەحمەتکەش و سیڤیلی باکوری کوردستان بکات. هەر ئەو پەرلەمانێشە، دەستی دەوڵەت ئاوا‌ڵا دەکات لەپەلاماردانی بزوتنەوە کرێکاریەکانی ناو تورکیاو لەوێی پالیسەوە کوشتوبەیان بکەن. پەرلەمانی دەوڵەتی ئاخوندەکان ببینن،بزانن بەچ ئادیەکی وەحشیانە یاسا ئیسلامیەکان ڕەواج پەدەدەن و دەست و پەی ژنانی پەدەبەستنەوە تا دەگات بەیاسای لەسەدارەو زیندانی کردنی هەتای. ئەوە پەرلەمانی وەاتانی عەرەبی تادەگات بەشورای ئیسلامی عەرەبستانی سعودی. بەکە ئەو پەرلەمانانە،هیچیان کەمتر نیە لەهەیبەتی دەسەڵاتی پالیس لەسەرکوت کردنی ناڕەزایەتیە جەماوەریەکاندا.

هەرەمی باشووری کوردستانیش وەک بەشەک لەو خەزانە چەوسێنەرەی بەرژوازیەت،خەزانەکی چەتەیان کراوە بەیشەوە و پەرلەمانەکی دەستەمەی حزبیشیان بە دامەزراندون. لەنەو ئەو پەرلەمانەدا،کەتائێستا یاسایەکی نەبوە لەبەرژەوەندی واقعی ژیانی چینوتوێژە زەحمەتکەشکان بوبێت،دەیان حزبی بەرژوا قەومی و دینی و خەڵکی لەخەی گرتوە. تەمانی پەرلەمان لەباشووری کوردستاندا ٢٥ سالی ڕەبەقی پەکردەتوە. بەڕام دەبێت بپرسین لەو ماوە دوورودرێژدا کامە یاسا و دەست ڕەیشتووی هەیبەتی پەرلەمانی بەناو مەدەرنەو مەدەنیەوە بوو،کەتوانیبێتی دەورەکی هەبێت لەکەم کردنەوەی سەر پەروەردەی دەندانەی پیاوسالاری و کەم کردنەوەی

پەروەردەو هەیبەتی دیکتاتۆریانەی خۆسەپێنەری ئاینی و کەمکردنەوەی هەژوخواستی سەرەکی و سەرەکی حزبەکان؟ ئاخۆ پەرلەمانی هەرێمی کوردستان،دیوی دوەمی دیوەخانەکانی حزب نین؟ ئاخۆ پەرلەمانی هەرێمی کوردستان توانیویەتی کەتای بەهەیبەت و هەیمەنەی سەرەکی خۆی بەنێت تابتوانێت سەرەکی هەرێمی ماوە بەسەرچویش کەتای پێبەنێت؟ کەوایە دەبێت بپرسین: بۆچی بزوتنەوەی گۆران هێندە پیداگیری دەکات لەسەر کارا کردنەوەی پەرلەمان؟ بۆچی بزوتنەوەی گۆران بەشوێن ئۆپتۆرناتیفێکی تردا ناگەڕێت کەبەفعلی لەخزمەتی هەشیار کردنەوەی سیاسیانەی زەرینەی جەماوەردا بێت و ئیرادەی ئاستەقینەکەیان بە بگۆڕنێتەوە؟ ئاخۆ ئەو پەرلەمانەی بزوتنەوەی گۆران شتێی بوو، دەتوانێت لەخزمەتی جەماوەری ستەم لێکراودا بێت، یان بە شەرعیەت دانی یاسایانەی بەرژوازیەتێ بەو چەوساندنەوە چینایەتیانەی بونی هەیە؟ ئاخۆ بزوتنەوەی گۆران دەتوانێت کەتایی بەهەیمەنەتی بنەماڵەی بارزانی و بەپیرۆز کراویەکەیان بهێنێت لەڕێی کارا کردنەوەی پەرلەمانەوە،یان بەناڕاستەوخۆ بزوتنەوەی گۆران لەبەرانبەر شکستەکانیدا، دەست و قبوڵی دەست لەکارکێشانەوەی سەرەکی پەرلەمانەکەیشی دەبێت و هەیمەنەی مەرجەعیەتی بارزانیش قبول دەکات؟

ئەوەی بزوتنەوەی گۆران کردی،خزمەت کردنەکی زۆری بوو،بەو خەزانە چەتەیەی بەرژوازیەتی کوردی، ئەویش لەڕێی بەڵادا بردنی ناڕەزایەتیە جەماوەریەکان و بەکارهێنانیان لەپێناو بەرژەوەندیە ناڕاستەوخۆکانی خۆیاندا، دیارە بزوتنەوە ئیسلامیەکانیش هاوددەردو هاوئامانجن لەگەڵ کەی بزوتنەوەی چینایەتی بەرژوازیەتی کوردیدا.

مەخان، چونکە چین و توێژە زەحمەتکێشەکانی کوردستان، خاوەنی ئابڕایەتیەکی ئاستەقینەی خۆیان نین، کەکخراویان بکات و لەدووری خواستە ڕەواو یەکسانیخوازەکانی خۆیان کۆیان بکاتەوە، لەوەدا لەناڕەشنی هەشیاری سیاسی چینایەتیاندا، لەلایەن پارتە بەرژەوا جەراوجەرەکانەوە، تەفرە دراون و کراون بەکەیلەی خواست و بەرژەوەندیەکانی ئەو پارتانە. بزوتنەوەی گۆرانیش یەکێکە لەو پارتانەو بەڕێ بەڕێ و گازندەکانی، لەپێناو پێشوەچونی ئیرادەی زەرینەی خەڵکی هەرێم نیە، بەڵکو لەڕێی بەڵادا بردنی ناڕەزایەتیە جەماوەریەکانەوە توانیان، بە قۆناخێکی تر، تەمەنی بەرژوازیەتی کوردی بڕنە پێشەوە. بەیە کارا کردنەوەی پەرلەمانیش هەر لەپێناو ئەو ئامانجیانداو ئیفراندەمکی پارتی دیموکرات و یەکێتی نیشتیمانیش تەنها بە خۆسەپاندنی زیاتریانە بەسەر گەلی زەحمەتکێشی

باشووردا. جابێ، نابێت بەخۆتاندنی زیاترمان لەسەی کارا کردنی پەرلەمانەو،چاوەدێری دەرکەوتنی بەختەوەریە دزراوەکانمان بین لەخاوەن دزە ئاستەقینەکانی کە حاکمن لەسەر سەرمان!

تاهیر حاجی حەسەن
١٤/٠٦/٢٠١٧

لە پاپ ئایدل هەتا کوردئایدل (بەشی سێهەم) ... برایم فەقێشی

تەبلیغاتی بازرگانی لە ئادیۆ و تەلەوزیۆن بە پێی قانوون بڕاو دەکرێتەو و تەلەویزیۆنی گشتی و ئەهلی دەگرێتەو. ئادیۆ و تەلەویزیۆنی گشتی لەبەر ئەوەی بە پارەی ماڵیات و پارەی مانگانەی خەڵک بەڕێوە دەچن، ئەو مافیان نییە، زیاتر لەوەی بڕیان دیاریی کراو، ئاگایاندنی بازرگانی بڕاو کەنەو. ئەوان بڕیان هەیە لە ماوەی ٢٤ سەعات لە چەند دەرفەتی دیاریکراو، تەنیا ٢٠ خولەک ڕەکلامی بازرگانی بڕاو کەنەو. واتە یەک و سێ لە دەی سەت(١،٣%). ئەم تەلەویزیۆنانە مافی پچراندنی بەرنامە، فیلم و سەریالیان پێنەدراو و ناوبڕ لە نەوان هیچ بەرنامەیەکدا نییە. هەر بە پێی قانوون، هونەرمەند و خوڕەنگاری فەرهەنگ، ئەو مافەی هەیە بەرهەمەکەی بە بە پاڵازیت و قرتاندن و ناوبڕ بڕاو بکەو، ئەو مافە بینەریش دەگرێتەو بە ئەوەی بەرنامەکانی تەلەویزیۆن وەک خۆی ببینێ و بژنەڤێ.
لە ڕاژانی تایبەت و ڕاژانی پشوو ڕاژەی ڕەکلام لە تەلەویزیۆنەکانی گشتی هەتا ٥ خولەک لە ٢٤ سەعاتدا دادەبەزێندرێ، واتە لە بەرانبەر هەر ١٠٠٠ سەعات بەرنامە، یەک سەعات ڕەکلامی بازرگانی بڕاو دەبەخشرێ! بەم چەشنە ڕەکلام کەمترین زیان بە فەرهەنگ و هونەر و بەرنامەگەڵ دەگەیەنێت.

تەلەویزیۆنەکانی ئەهلی(شەخسی) کە بە پارەی خەیان بەڕێ دەچن و مافی وەرگرتنی پارەی ماڵیاتیان نییە، مەجالیان بە بڕاوکردنەوەی ڕەکلام زیاترە و بیست لە سەدی ٢٠% بەرنامەکانیان دەکرێ ڕەکلام بێ،

واتە لە ماوەی بیست و چوارسەعاتی شەو وەڕۆژ، چوار کاتژمێر و چل وهەشت خولەک، مافی بەاوکردنەوەی گفتوگۆکلامی بازرگانیان پێدراوە. بەم مانایە لە هەر یەک سەعات بەرنامە، دەکرێ ١٢ خولەک لە میانەی فیلم یان بەرنامەی چەشنی سوپرستار، پاپ ئایدل گفتوگۆکلام بەاو کرێتەوە. بە وێنە لە بەرنامەیەک بە دەیژایی ٩٠ خولەک، دەکرێ ١٨ خولەک ڕەکلام بەاوکرێتەوە بە مەرجێک لە نێوان دوو بەگژ گفتوگۆکلامی بازرگانی، بیست خولەک مەودا هەبێ و ماوەی گفتوگۆکلام لە ٧ خولەک تێنەپەڕێ. ئەم قانوونە لە یەکیەتی ئوروپا بڕیاوە دەچێ، جگە لە وڵاتی تورکیا.

تەلەویزیۆنی کوردسات نە تەلەویزیۆنی حکوومەت، نە ئەهلی و نە گشتییە، تەلەویزیۆنی حزبەکی کوردییە! لە ئوروپا ئەزمون بە حزبەکان، پڕڕەوانی ئایین، فرقەی ئیدئۆلۆژیک و هەرچەشنە گرووپەکی سیاسی نادرێ ڕادیۆ و تەلەویزیۆنیان هەبێ. بە ئاوەی نێبنێ بلیندگۆی تاقمێک دژ بە تاقم و گرووپی تری ئایینی، سیاسی، فکریی و ئیتنیکی کە ئەم زیانی بە سەرجەم کۆمەڵگا لێدەکەوێتەوە و کۆمەڵگا لە جەغزی تاک ئایین، سیاسەت، فەرهەنگ، ئیدئۆلۆژی، قەتیس دەهێڵێتەوە و ڕێگا بە دیکتاتۆری و تواندنەوەی دەنگ و ڕەنگە جیاوازەکان خۆش دەکات.

مێژووی ٨٨ ساڵەی جیهان پڕە لە کارەساتی ئینسانی کە ڕادیۆ و تەلەویزیۆن و سینەما دەوری گەورەیان تێدا گێڕاوە، وەک دوو شێوەی جیهانی یەکەم و دووهەم، وەک هەموو ئەو شێوانەی کە لە سەدەی بیست و بیست ویەک دژی کورد کراوە. وەک ئەو دەورەی کە لە ناسنامەکردنی تاکی کورددا گێڕاویەتی. هەر لەم ڕۆژانەدا مەدیای کەماری ئیسلامی بە تایبەت ڕادیۆ و تەلەویزیۆن بە بیانووی تیرۆر لە تاران، ماشێنی تەبلیغاتی خۆی بە دژی کورد وڕێخست و مێللەتەکی خستە ژێر جەخت و فشار، هەر ئەو کارەی کە مەدیای ترک بە بە ترک کردنی تاکی کورد کردیەتی، ئەوە نیشان دەدا کە وێنە و پێناسەی دەتوانێ کاریگەرتر لە تانک و تۆپ و فیشەک بە دژی کورد بەکار بهێندرێ.

بەمبارانی مەشکی مرۆڤی کورد گەورە و بچووک بە وێنە و پێناسە بە درێژایی شەو و ڕۆژ و هەموو ژیان مرۆڤی خۆی پێکدەهێنێ. هەر لە ڕێگای مەدیای ئەو حکوومەتانەوە جیل جیل مرۆڤی کورد لە ناسنامەی خۆیان شێردراونەتەوە. ڕەک نیوسەدیە کورد لە ڕێگای مەدیای ئەو حکوومەتانەوە داگیرکراوە و ئێستا خۆی بە مێیلی خۆی لە بەر شاشەکانیان دادەنیشێ. کارەسات ئەوەیە گەر تەلەویزیۆنی حزبەکانی کوردستان کۆپی مەدیای ئەو وڵاتانە بن!

تەلەویزیۆن حزبی دەوری لە تەکدانی پەکاتەکانی کۆمەڵگای کوردستان گەڕاوە و بەشێک لە گرفتی سیستەمی حکوومەانی لە وڵاتی ئەمەیە و بەربەست دەخاتە سەر ڕێگای پێشکەوتنی گشتی فەرهەنگ، هونەر، سیاسەت و کۆمەڵگای مەدەنی و لە باشترین حاڵەتدا دەزگایەکە لە خزمەتی کۆمەڵێک کەس دژی کۆمەڵکی تر! بە تایبەت گەر ئەوە لە بیر نەکەین کە فەرهەنگ و تەگەیشتنی گشتی لە ڕێگای تەلەویزیۆنکانەوە لە گرژنە چەتە دەر و شیرازەی کۆمەڵگا لەبەر یەک ترازاوە.

کوردسات سەر بە ڕەکخراوی یەکیەتی نیشتمانی کوردستانە کە لە سەرەتاوە بە بیری مارکسیستی- مائیستی و لایەنگری لە کرێکاران و زەحمەتکێشان دامەزرا و گەلێک کەسی باوەڕمەند بە بیری چەپی لە خۆی کۆکردبووە. ئەمڕۆ ئەم هێزە سیاسی- نیزامی- ئیدارییە، کە مەدیا و دام و دەزگای هەیە، هەرچەند ناوی لە لیستی ئینترناسیۆنال سوسیالیست تەمار کراوە، بەڵام نە خزمایەتی لە گەڵ سۆسیالیزم ماوە نە کرێکار و زەحمەتکێش، بە تایبەت گەر مەدیاکەی کوردسات و بەرنامەکانی چێشنی کوردئایدل بن. مەدیایەک کە کاری سەرەکی بەتە تیجاڵەت و بەرنامەکانی بەنەتە مەیدان نە بە کرێکاران و زەحمەتکێشان بەڵکوو مەیدانی کایەای بەدڵەی نە شەریکەکانی کوردستان، بەڵکوو شەریکەی ترک و عاڕەب و ئێرانی!

بەرنامەی کوردئایدل شەوی ٣ی مانگی ژوئەنی ٢٠١٧ بە شەوی ڕاستەوخۆ سەعات ٨ی شەو بەکاتی بەڵیەن هاوکات لە تەلەویزیۆن و ئینترنێت بڵاوکرایەوە. تەنیا دوای تەپڵبوونی حەوت خولەک لە دەستپێکردنی بەرنامە، وەژەری کوردئایدل بە بە هۆ تەنیا بە بڵاوکردنەوەی ڕێکلامی تیجاری، ناوبڕی ڕایگەیاند. ئەم بە پڕۆنسیپییە لە مەدیای باشووری کوردستان و لەو وڵاتانە دەبیندرێ، کە سەرەڕۆن و بە ڕەزی بە خەڵک و بینەر لایان بە سنوورە!

وای دابنێن کتێبێکی ڕەمان دەخوێننەوە. لە ناکاو دەستێک کتێبەکەتان لە دەفڕێنێ، خاوەن دەست بەوە ڕازی نابێ، دەیکات قیژە وهەڕا و هەڕەز هەڕەز و مەشکی سەریشتان دەبا. ئەوجا دوای تەپڵبوونی حەوت خولەک هەمان دەست کتێبەکەتان دەداتەوە دەست، ئەوەش وەک ئەوەی هیچ ڕووی نەدابێ، درێژە بە خوێندنەوە دەدەن و دوای ١٥ خولەک، خراپتر لە جاری یەکەمتان بە سەر دەهێندرێ و ١٢ خولەک لە جیاتی کتێب خوێندنەوە، گوێتان لە قاوقاو دەبێ . هەموو شەوەکەتان بە درێژایی دوو سەعات و نیو بەم شەوێیە تەپڵ دەبێ. پاشان سەری گێژتان هەڵدگرن و دەچن پاڵدەکەفن. هەتا شەوەکی تر و بەرنامەیەکی تر!

سەعات هەشت و نیو، ناوبڕی دووهەم ١٢ خولەک دەکێشێ. تا ئێرە ٤٢ خولەک لە بەرنامەکە تێپەڕیون، ١٩ خولەک بە ڕەکلام و ١٨ خولەک بە وتار و ئێندامانی لێژنە بەخشراون، ئاشکان و چەنگیز بە هەرکیان ٥ خولەک گێرانیان چێیو. لە ٤٢ خولەک ٣٧ خولەک درابوو بە ڕەکلام و فەرمایشتی وتار و لێژنە و ٥ خولەک بە گێرانیبێژ! واتە ٢،١٪ بە هونەرمەندان و ٩٧،٩٪ بە تیجارەت و هەڵسوڕاندنی بەرنامەی کوردئایدل! باس کرا کە لە تەلەویزیۆنەکانی گشتی ١،٣٪ بە ڕەکلام و ٩٨،٧٪ بە بەرنامە تەرخان دەکرێ، لە کوردستانی یەکیەتی نیشتمانی و کوردسات و کوردئایدل ٤٥٪ ی بەرنامەیەکی ٤٢ خولەکی، بە ڕەکلام دادەندرێ!

لە سەعاتی یەکەمی بەرنامەی کوردئایدل ئاشکان، چەنگیز،مستەفا، غەزاڵ و وەدات گێرانیان چێی و بە هەمویان نزیک دوازدە خولەک کاتیان پێبڕا. واتە یەک لە پێنجی کاتی بەرنامە، ئاوڕش بە پێچەوانەی تەلەویزیۆنی ئەهلی ئوروپایی کە ١٢ خولەک مافی بەاوکردنەوەی ڕەکلامیان لە یەک کاتژمێردا هەیە. کوردئایدل یەک لە پێنجی بەرنامەکەی بە پێشکێشکردنی هونەرمەند و ١٩ خولەک بە ڕەکلام و ٢٩ خولەک بە وتار و لێژنە تەرخان دەکات.

سەعاتی دووهەمی بەرنامە بە ڕەکلام دەژێی پێدرا، هەتا نە و هەشت خولەک . زەرەوان، ژیندا، ئاشتی عەزیز و بانە شیروان دوای ڕەکلام هەتا کاتژمێر نە نیو گێرانیان چێی و ناوبڕی چوارەم هەشت خولەکی کێشا و پاشان هەتا سەعات دەی شەو ئاڤین عوسمان، فەرزاد و ڕەنی فریای گێرانی گووتن کەوتن. بەم چەشنە لە سەعاتی دووهەم، حەوت کەس بە ماوی نزیک حەفدە خولەک کاتی گێرانیکوتنیان بەرکەوت و ڕەکلام ١٦ خولەک و وتار و لێژنە ٢٧ خولەکیان بەرکەوت! لە سەعاتی دووهەم کاتی ڕەکلام و بەرنامە هاوسەنگ بوو، واتە فیفتی فیفتی!

لە ماوەی ١٢٠ خولەکی بەرنامەی کوردئایدل، تەنیا ٢٩خولەک کات بە سوژەی سەرەکی بەرنامە تەرخان کرابوو کە تێیدا ٩ هونەرمەند گێرانیان چێی. لە ٩١ خولەکی باقی بەرنامە ٣٥ خولەک بەر ڕەکلام و ٥٦ خولەک بەر لێژنە و وتژران کەوت. بە کورتی ٢٤٪ بە گێرانیبێژکان، ٢٩٪ بە ڕەکلامی بازرگانی و نزیک ٤٧٪ بە لێژنە و وتژران تەرخان کرابوو. گەر کاتی لێژنە و وتژرانیش وەک کاتی بەرنامە دابنرێ ٧١٪ بە بەرنامەکە و ٢٩٪ بە ڕەکلامی بازرگانی تەرخان کریابوو.

ناوبڕی پێنجەم نە خولەکی پێچوو، پاشان هەتا کاتژمێر دەونیو

عەبدولا، تانیا ئاسۆ و ڕێزا لە ماوەی نزیک ٨ خولەک گرانیان چەی. ناوبڕی شەشەم بە ماوەی حەوت خولەک درێژەی کێشا و دوا گرانیبڕ سەنگوە بوو. کاتژمێر دە و چل ونە خولەک کەتایی بە بەرنامە هێندرا!

لەم سێ چارەکە سەعاتەی کەتای بەرنامە دە خولەک گرانی چەیا و ٣٥ خولەک وەژار و لەژنە و ڕەکلام بردیان. ڕەکلام ١٦ خولەک و لەژنە ١٩ خولەک. واتە گرانیبڕ ٢٢%، ڕەکلام ٣٥% و لەژنە و وەژار ٤٣% . هەر بەم پێیە گەر کاری گرانیبڕ و لەژنە و وەژران سەرجەم وەک بەرنامەی کوردئایدل بگرین، ٣٥% ی بەرنامەکە ڕەکلام بوو.

هەر چەنەک لەکبدرێتەوە و حیساب بکرێ کوردسات و کوردئایدل یەک لە سەی بەرنامەکەیان بە تیجاڕەتی بازرگانی شەریکەکان تەرخان کردبوو. هەر بۆیە بە کوردسات ئاسایی دەینووانێد گەر وەژەری بەرنامەی کوردئایدل شەوی ١٠/٦/٢٠١٧ سپاسی یەک لە خاوون شەریکەکانی وەک ساناتێلی کردبا.

پیشتر باسکرا کە لە کاتی ڕێزانی پشوو لە تەلەویزیۆنەکانی گشتی بە هەر هەزار سەعات بەرنامە، یەک کاتژمێر ڕەکلامی بازرگانی هەیە، ڕێزانی ئاسایی واتە دووشەمەە هەتا هەینی ئەم ڕێژیە لە هەر هەزار سەعات بەرنامە ١٣ کاتژمێرە . ئەم ڕێژیە بە تەلەویزیۆنەکانی ئەهلی زەرتر و لە هەر هەزار سەعات ٢٠٠ کاتژمێر دەتوانن ڕەکلام بەاو کەنەوە، کەچی لە کانەلی کوردسات و بەرنامەی کوردئایدە ئەم ڕێژیە بە هەر هەزار سەعات ٣٥٠ هەتا ٤٠٠ کاتژمێرە.

ئەوان لە میانەی بەرنامەیەکی دوو سەعات و چل و پێنج خولەکیدا، شەش جار بەرنامەکەیان بە پێشکەشکردنی ڕەکلامی بازرگانی پچەاند و لەو ١٧ کەسە بە ناوئاخنی ڕەکلامەکان کەکیان وەرگرت و سەرجەم پڕۆگرامەکەیان بە بەرنامەیەکی نیشتمانی بە کوردستانی گۆڕە و پشتگیری موسیقا وهونەرمەندی کورد و خەمخواردنی داهاتووی موسیقا بە بینەر فرۆشت و بەرنامەکەش بە هەزاران کەیاری هەبوو.
لە ڕەگای ئەم چەشنە بەرنامانەوە چی بە سەر مەشک و دەروونی مرۆڤی کورد بە گۆڕە وبچووکەوە دەهێندرێت و چ کارتێکردنێکی فەرهەنگی، کەمەایەتی و پێداگیگی لە پاش بە جێ دەمێنێت، باسگەلێکن کە بە جیا و لە درێژەی ساڕەکاندا دەبە لێکۆڵینەوەی لە سەر بکرێ، بە ئەوەی دەرکەوە کە تەلەویزیۆنەکانی کورد لە باشوور، چ خاوەن مەشک و هەست و فەرهەنگ و تێگەیشتنێک باردەهێنن، بە تایبەت لە وەاتێکدا کە شانە، سینەما و هونەرەکانی دیکە فەوتێندراون و خەیک یان سەیری

تەلەویزیۆنکانی باشوور دەکەن یان تەلەویزیۆنی عارەبی، ترکی و ئێرانی، کە کوردساتیش یەک لەوانە.

لە ١٦٥ خولەک بەرنامەی زیندوو ئەشکان ٢، چەنگیز ٣ ، عەبدوڵا ٢،٢٠، تانیا ئاسۆ ٢،٢٠، هەزا ٢،٥٥، ئەقیین ٣،١٠، فەرزاد ٣،٣٠، هەنی یاسین٢،٣٠ زەرڤان ٣، ژیندا٣،١٠ ، ئاشتی عەزیز٢،٤٠ ، بانە شیروان٢،١٠ ، مستەفا ٣، غەزا٢،١٠ وەدات١،٤٥ ، سونگول٢،٢٠ ، هەوان٢ خولەک کاتیان پێبەخشرابوو. ٤٤ خولەک بە ئەوان ١٢١ خولەک پەکردنەوەی هەکلام و وتەی چەند بارەکراوی وەژەر خشتەی تەواوی بەرنامەی شەوی ٣/٠٦/٢٠١٧ کوردئایدلی پەکهەنا .
هەک دوو کاتژمێر لە هەر بینەرەک لەم شەوەدا بە فیەە چوو، کە بینەر هەنگە پێیوابووبە هایبواردووە! چەند هەزار و چەند میلیۆن سەعات لە ژیانی خەکی کورد لە باشوور و شوێنی تر بەم شەوێیە بە دیاریی بەرنامە و تەلەویزیۆنی هاوشەوە، زایە دەبە، با ببێتە بابەت بە لەکەینەوەی زانستگاکانی کوردستان.

گەر کات هەمان مانای بە مرۆڤی کورد هەبایە کە بە میللەتانی وەک ئەمان، ژاپۆن و شوێنی تر هەیەتی، تەگەیشتووانە مامەڵەی لە گەە کات کە هەمان ژیانە دەکرد. گەر لە وەاتەک لە سەرەوە کاتی مرۆڤ بە قیمەت بکرێت و بە فیرە ببردرێ و لەو هەگایەوە بازرگانی بە کات و ژیانی خەکەوە بکرێت و ئەم هەووتاندنەوەیە بە خزمەتی فەرهەنگ و هونەر قەەب بکرێت و پلاک و مەری نیشتمانی پەدا هەواسرێ، دەبە ناوی ئەنفالی فەرهەنگی لەبندرێ! گەر بەناوی کورد ئەو کارە کرابە، زانایانە و نەزانانە لە گەە کەمەەک باندی فەرهەنگ و هونەر هەووبەەوو دەبیین کە تەگەیشتنی مرۆڤ تەکدەدەن، گەر ئەم پرۆژەیە لە لایەن خەکانی دیکەوە بە کورد کرابە، دەبە ناوی ئەنفالی میللی لەبندرێ.

کوردسات و یەکیەتی نیشتمانی لە هەگای ئەم بەرنامانەوە سوود بە خاوەن کالا و سەرمایە دەگەیینن، کە بەشەکی زەریان کاربەدەستانی حزبەکان خەیانن. تەگەیشتنی ئەم کەمەەک کەسە لە فەرهەنگ، هونەر، مودەنبوون، شارستانیەت، کە ئەمەە سەرمایەی ئەم وەاتەیان لە چنگ دایە، تەگەیشتنی توێژی ئاریستەکرات و مەکدار و سەرمایەداری سەدەی هەژدە و نەزدە و بیست و بیست ویەکی هەژئاوا لە فەرهەنگ و هونەر و شارستانیەت و مودەنیزم نییە، تەگەیشتنەکی سەرسەری هەووکەشیانە، لاساییکەرانەی بە بە پەشینەیە، کە فەرهەنگکەیان گرەدراوی هەووی دەرەوەی ماەکانیان و هەواسینی تابەە و جەندەکی هەنگراوی خەیانە، ئەوان ویترینسازن!

ویترینی دەموکراسی، ویترینی پارلەمان، ویترینی حکوومەت، ویترینی زانست، هونەر، ویترینی شار و ویترینی پ لە ژن و پیاو. ماڵکان، عیمارەتکان، کەسکان، بەرنامەکان، ماشێنکان، کەرەسە و دەزگاکان و بەرنامەی هونەریی و فستیوال و تەنانەت سمپڵزیەمکانیان نمایشی ڕووی دەرەوەی ویترینەکانە! هوتیلی لوکس ساز دەکەن، دوای دوو ساڵ بناخەکەی درزی تێدەکەوێ، دەوڵەت و وەزارتخانە دادەمەزرێنن دەبێتە چێقخانە و چایخانە، پێشانگا و فستیوال و کۆنگرە بە ناوی قەبە قەبە بەڵام دەبەن بە بە ئاوەی شتێکی لێدەرکەوێ، بە میلیۆن خەرج دەکەن بە ئاوەی ناویان دەرکەوێ.
وەک تاک کە لە ناوەوە وێران کراوە خەی بە ئاڵەمێنتە جیهانییەکانەوە هەڵدەواسە بە ئاوەی خەی مودێرن بنوێنێ، جار دەبێ پاپانوئێل، جار بەسەرەوە دەکەوێ ڕۆژی خۆشویستی. سەرجەم تەفرعونی عەرەب و تورک و ئێرانی لە جستە و ڕواڵەتیان دەچنەتەوە، بە ئاوەی قاوغی خەیان نیشان بدەن و وەک کوردی مودێرن، ئەمەیی وەربگیرێن. تەنانەت سەرکی عێراق و کوردستانیان، لە دیدارە هاسمییەکان، دوای تێپەڕینی ٢٥ ساڵ، ئاو باوەر وفەرهەنگیان پەیدا نەکردووە،کە کەسایەتی ڕاستەقینەی خەیان لە میمیکی سەروچاو و زمانی لێشیاندا، بنوێنن. ئاوان لە ناوەوە کێڵەی بەرانبەرکەیان ماونەتەوە و هەرکە ڕووبەڕوویان دەبێنەوە، ئاتەماتیک کەسایەتی پێشتری خەیان نیشان دەدەن و کوردئایدلیش سەروچاو و لێشی نامەیان دەنوێنێ!

بینەرانی ناو ستادیۆم، وێژەر و دەستەی ژووری و هەر حەفدە بەشدار لەو کاتەوە کە لە بەرنامەی زیندوو و لە ژێر چاودێری بەرنامەگەڕکاندا دەردەکەون، چێشنێک نمایشی مەدلیان دەست پێکردووە، کە لەخراپیش ناچێ. زەربەی هونەرمەندەکان خەیان لەو جل و بەرگ و فەزایەدا لە ونبووە و دەنگیان وەک خەی نەماوە و پسپۆڕانی بەرنامە وەدەزانن لە بەر ئاوەیە عاقڵانە گرانییەکانیان هەڵنابژاردووە.
لە دوو هەفتەی ڕابووردو کاری ئەو حەفدە کەسە دابەزیوە، لە بەر ئاوەی بە نمایشی لەو چێشنە ڕانەهاتوون و ڕانەهێندراون و سرووشتیە کە هەست و دەنگیان بگەردێ. ئەمە باشترین نیشانەیە بە ئاوەی بزاندرێ،کە کوردئایدل فەزایی خەی داسپاندووە و کەسکان دەبە خەیان لە گەڵ فەزای دەخوازی بەرنامەکە بگونجێنن، ئەمە بە هەموو کەس دەست نادات و دەرهێنەرانی بەرنامەکەش، لەوە دەچێ شاوەی گونجاو بە گۆشاندنی لەهاتوویی بەشداربووان بکار نەهێنن، هەر بۆیە بەشداربووان لە ناو تیشک و ڕەنگ و فەزایی نامەدا، خەیان

نابینەوە و لە ماوەی دوو هەتا سێ خولەکدا ناتوانن خەیان لە گەڵ فڕاکە ڕەکبخەن.
ئەو قورسایییەکی زۆر دەخاتە سەر مێشک و هەستی ئەوان و ناموزونییەکی لە دەنگ و دەم وچاو و جێستیاندا خەی دەنوێنن. گەر هەڵبژاردنی گەرانییەکانیش کاری گەرانیبژێکان خەیان نەبووبێ، گرفتی گەرانیبژ زۆرتر کراوە. گەرانییەکی نامۆ، فۆزایەکی نامۆ کارەکی نامۆی لێدەردەکەوێ!

مێدیای لەو چێشنە فەرهەنگ و هونەر بڕەو پلاستیکی کردن دەکێشن و گەڕەکیانە هورچە و دەنگبژێش بکێشنە ناو تابووتی خەیانەوە و بە ناوی هونەری مودێرن و پێشکەوتوو بە خەیان و خەڵکی بفرۆشن. گەر دەرهەنەرانی بەرنامە گرنگی بە "جەو و فۆزا و ئاتمسفێر" دەدەن، دەبوو ئیمکان بخوەقێنن بە ئەوەی سروشتی هەرێ و بیت و حەیران لە جەوی خەیدا دەربکەوێ و هەرچە و دەنگبژ بتوانن دەنگ هەڵبڕن، ئەم کارە بە تیشک و وێنە و ئێنیماسیێن دەکرا، لە جیاتیان فۆزا و تیشکی دیسکۆئاسا، یەکجار و یەکتەرز سپێندراوە بەسەر دەنگبژ و هەرچە و گەرانیبژ و چاوەڕوان دەکەن لە فۆزایەکی بە ڕووحی پلاستیکیدا هورچە و دەنگبژ و گەرانیبژ دەنگ هەڵبڕن؟!

کوردئایدل نوکاری تریشی هەنایە ناو بەرنامەکە. گەرانیبژێکان بە هەموو زاراوەکان گەرانیان گووت ، ئێندامانی لێژنێ بە سەرانی و کرمانجی دەئاخڤتن، کەچی دوو وشەرەکە کوردیان بە کوردی هەڵدەگەڕاندەوە. ٢٢ ساڵە خەڵکی کورد بە هەموو زاراوەکان لە ڕۆگای تەلەویزیۆنکانی زاتایەتی هەر چوارپارچەوە قسە دەکەن و لە یەکتر تێدەگەن، بەڵام دوو وشەر لە چاردجار هاتن و چوون بە سەر سەکۆ ٢٨ خولەک لە کاتی بەرنامە بە دوبارەکردنەوەی کوردی بە کوردی پێدەکەنەوە! هەمووی ئەو خانەی کە باس کران لاوازی دەرهێنان و نوقم بوون لە زەرق و بەرقی بەرنامە و هەوڵکێشی بیرکردنەوەی خاوەن کۆنسێپت، دەگەیەنێ!

لە سەردەمی هەرزانخەکردنی هونەر کە لە هەموو ڕەکلامەکانی کوردسات دا ڕەنگی داوەتەوە و شیعر و گەرانی و ئاوازی شاعیران و هونەرمەندان تەک دەدرێ بە چای و برینجی ئەحمەد، سوێندخواردن بە کوردستانی گەورە و مزگێنی بەرزکردنەوە و پێشخستنی موسیقای کوردی بە ناوی پڕۆژەی کوردئایدل، لە خەمخۆرانەترین حاڵەتدا گەمەکردنێ بە هونەر و فەرهەنگ و شعوری بینەر، لەو کارەدا کوردئایدل سەرکەوتوو بووە و بۆش دەبەتە دیاردەیەکی کەم وێنە لە مێژووی ٨٨ ساڵەی تەلەویزیۆن!

برایم فەشی

دژێی هەیە...

یفراندەمەک لەسەر دەستی پارتی بکرێت ئاقیبەتی ئاشبەتاڵکی تر. .. هیوا ئەحمەد

پرسی یفراندەم بە مانا زانستیەکەی واتە گشتپرسی ، گشتپرسی بە پێژەی یاسای و سیاسی و نەتەوەی وەک پرسی دەستوری و پرسی هەبژاردن و پرسی سەربەخۆی و جیابونەوە ، ئەم پرسە چارەنوس سازانە تەنهاو تەنها دەبێت بخرێنە بەردەم ای گشتی گەل و گەل خۆی بەیاری لەسەر چارەنوس و ئایندەی خۆی و خاکەکەی ئەدات ، بەم پێیە ئەم جۆرە پرسانە نە لەدەسەاتی حکومەت و ەکخراوو هیچ جۆرە سەرکایەتیەکدا نیین کە بتوانرێت بە چەن کارەکتەرەک وەک سیاسی یاخود کەسانی ناو ئەرگانی حکومی بە نمونە ئەنجومەنی وەزیران و تەنانەت لە دەسەاتی پێلەمانیشدا نیە بەیاری لەسەر بدات سەرکایەتی یاخود حکومەت و ئەنجومەنی وەزیران یاخود پێلەمان تەنها دەسەاتی میکانیزمی چۆنیەتی بەڕێوەبردنی پڕۆسەکیان هەیە و لەگەڵ دابین کردنی تەچ و خەرجی پڕۆسەکەو دانانی کاتەکی شیاو لەناو ئەم ەکخراوانەدا تاکە دامەزراوەی شەرعی کە ئیستیحقاقی بەیاردان و دانانی میکانیزمی جێبەجێ کردنی پڕۆسەی یفراندەمی هەبە پێلەمانە چونکە پێلەمان نوێنەرایەتی گەل دەکات بە چاودێری بەسەر پڕۆسەی سیاسی و حکومەانیەوە و تەنها دامەزراوەیە کە کەی پارتو لایەنگانی لە خە گرتوەو لە ژێر سەقفەکی شەرعی و دامەزراوەیدا کەی کردونەتەوە . بەگومان یفراندەم بە پرسی سەربەخۆی خۆنی هەموو گەلانی ژێر دەستەیە کە ببن بە خاوەنی دەوڵەت و ئاەاو دەستوورو یاساو ژیان و کیانی خۆیان لە چوار چێوەی دەوڵەتکەی سەربەخۆدا . ئەمەش وەک و گەلی کورد ئەم خۆنی سەربەخۆیە بەتە خۆنی هەموو تاکیکی کورد بە هەموو چین و تێژکانەوە . ئەما پڕۆسەی سەربەخۆی کوردستان ئەمە پڕۆسەیەکی

هەستیارە چون ئەم پەسایە چارنوسی نەتەوەیەکە ئەمە وەک پەلەمانکی ناوخۆی نییە سەرکی حیزبەک بە میزاجی شەخسی و بە زەبری هێزی میلیشیای و مافیا گەری ڕێگا لە سەرکەکەی بگرێت و کەی بیەوێت بەیار بدات پەلەمان دابخات . کێشە سەرکیەکە لەم خاڵدا چە دەبێتەوە کە هەمان ئەو کەسەی بە ناشەرعی کورسی سەرکایەتی هەرێمی قەرخ کردوە و بە زەبری هێز شەرعی ترین دامەزراوەی گەلی پێک خستوە کە پەلەمانە ،هەمان کەس بێت و پرسی یەفراندەم بکاتە پرسکی شەخسەنە کراوو بیەوێت خۆی ببێتە خاوەنی پڕۆژەکەو لە هەمان کاتیشدا بە ئاشکراو بە شاردنەوە بە هاوڕاتی و بە دەوڵەتی عێراق و ئیرانی دراوسێ و تورکیای دراوسێ بڵێیت کار بە نەتیجەی یەفراندەم ناکەین !! بە گریمانە وەری بگرین گریمان سیاسیەکی حەکیمەو خەڵکە دەکاتە چاوی ناحەزانی گەلی کوردو لەدوای یەفراندەم و هەنانی دەنگی بڵێ بە سەربەخۆی دەڵێت بەیاری گەلەو من دەسەڵاتم بەسەریدا نییە و دەبە جەبەجێ بکرێت . ئەی ئەم دەوڵەتە لە سەر چ بنەمایەک ڕا دەگری ؟ ژێر خانی ئابووری و بەهێزو نیشتیمانیت ؟!! هێزی سەربازی و هێزی پشمەرگەی یەک ویەکگرتوت ؟!! دامودەزگای دامەزراوەیی نیشتیمانیت ؟!! پێیوەندی دیبلۆماسی و بەهێزت لەگەڵ وڵاتانی زل هێز و وڵاتانی ناوچەکە ؟!! گەر سکەتڵەندا بە نمونە سەیر بکەین کە دەوڵەمەنترین هەرێمە لە سەر ئاستی وڵاتی بەریتانیا لە هەموو ڕوویەکەوە وە چەند سەدیەکە خاوەنی پەرلەمان و هەموو کارە یاسایی و دەستووریەکانە. وە بەریتانیا و هەموو وڵاتانی ناوچەکەش ڕێگر نین لە بەردەم ڕاپرسی و بە سەربەخۆیی بە سکەتڵەندا بینیمان لە ڕاپرسی ساڵی ٢٠١٤ گەلی سکەتڵەندا زۆرینەی بە نەخێر دەنگیان دا بە جیابوونەوە دیارە گەلی سکەتڵەندا پێی باشە لە گەڵ بەریتانیادا بمێنێتەوە گەلی سکەتڵەندا بەو هەموو هێزەو بنەمای ئابووری بەهێز و نەوت و زانست و پیشەسازی و دیان زانکۆی جیهانی نیانویست جیا ببنەوە و ببنە دەوڵەتکی سەربەخۆ چون ئەو گەلە هەشماندە مانەویان لەگەڵ بەریتانیا بە پەویست و بە بەرژەوەندی سکەتڵەندا دەزانی . لە هەرێمکی وەک هەرێمی کوردستان کە بە قەرخ کاری دەسەڵات و نەبونی مافی مرۆڤ و پێشێل کردنی مافی ئازادی ڕۆژنامەوانی و نا شەفافی و قەرزاری کەمپانیا زبەلاحە جیهانیاکان ناسراوە بە شۆیەک باس دەکرێت نەک ئەم جیلە بگرە نەوەی ئایندەیش دەبە قەرزی حیزب و بناو سیاسی و بناو فرشتنی نەوتی سەربەخۆ بداتەوە . دەوڵەت داری بەمجۆرە کەسانە دەکرێت ؟! دەوڵەت داری کەسانی ئەکادیمی و سیاسەت مەداری نەتەوەی و بیری تازەو خوێنی تازەو نەوەی تازەی دەوڵەت لەسەر بنەمای مەعریفە و زانست نەک بە ناو سەرک و کوەو کوەزاو برازاو بنەماڵە چون ئەزمونی پێشو

سەلماندوەتی ئەوانەی ئەستە دەیانەوەت موزایدە بە چارەنوسی نەتەوەیەکەوە بکەن لە هەرە قەزەونترین وەجهە بە ناو سیاسیکانی ئەم هەرەمەن کە لەسایەی حوکم ڕانیدا جگە لە هەڕاج کردنی نیشتیمان و پەکردنی تورەکەی جەرەها دراوی خەیان بەردەکیان سەر بەردەک نەنا بە داشتنی بنەمای دەوڵەت داری . بگرە ئەم هەوڵە نا تەندروستە دەچەتە بابی لەبار بردنی دروست بونی دەوڵەتی کوردستان. مایەی سەرسوماندە لەچاو ئەو هەرەمانەی وەک کەتەلەنیا و سکەتلەنداو وەیەس و دەیان شوێنی تر بە سەدان سیاسی ئەکادیمی بەتواناو کەسانی یاسای و پەرلەمان و ژێر خانی ئابوری بەهەزیان هەیە بە ئەوەی هیچ بەربەست و دژایەتیەک بکرێن ناتوانن بریار بدەن بە سەربەخۆی. ئەوە کە تا ئەم ساتە وەختە جێبەجێ کاری سیاسەتو ژێردەستەی ئەژمونی دەوڵەتی ئیسلامی ئێران و تورکیان چۆن دەتوانن بەیاری لەو شوێنە بدەن بە موزایەدەی سیاسی و پەردە پۆش کردنی تاوانو گەندەڵی و خەزینەوەتان لە بەرپرسیارێتی ئەخلاقی سیاسی و چەواشە کردنی مێژو . هەرکەس سەرچاوەکانی CIA ئەمریکی بخوێنێتەوە لە سەر کوردو چارەنووسی کورد چی نووسراوە و چی ئەڵێت ئەو کاتە تێدەگات ئەم بەناو سیاسیانەی هەرەمی کوردستان کە حکوم دەکەن سەد ساڵان ماوە لە ریفراندەم و پرسی سەربەخۆیی تێبگەن. بۆیە ئەم بریارەی سەرکەی ناشەرعی ماوە بەسەرچوی هەرەمی کوردستان و دەست و دایەرەکەی واتە حیزبە بەشداربووەکان کە لە پەناوی پشکی نەوت و پەستدا خۆنی دەوڵەتی کوردی و بەرهەمی خەڵنی هەزاران هەزار شەهیدوئەنفال و کیمیاباران و روخاندن و سوتاندنی هەزاران گوندو

"ڕیفراندەم هەر دەکرێت و ئەنجامەکەشی سەردەگرێت، بەڵام ئەوانەی لەگەیدا نین، خەجاڵەتیان بە دەمەنتیەوە"

جیهاد محمەد .....

ئەم قسە پووچانە چیە، ئەم هەڵەو گۆشانە چیە! لەمان دەکەن. خاوەنی ئەم قسە پروپوچ و هەڵەشانە، پێش هەموو شت لە مانای ئازادی ناگەن، دیانەوت خۆیان و ئاغاکانیان چەن بیریان کردەوە، خەڵکیش بە هەمان شێوە بیربکاتەوە! ئەم قسە پووچانە وەک ئەوە وایە بوترێت، کە ئاغا قسەی فەرموو، هەرکەس نایژێ قوربان قسەی جنابەتە، کافرە.
لە لایەکی تریش خاوەنی ئەم قسە پووچانە، جگە لەوەی لە ئازادی تێنەگەیشتوون، لە بیرکردنەوەی جیاوازیش تێنەگەیشتوون، دیانەوت کەس بیر نەکاتەوە، هەموو کەس مشکی خۆی دابخات، لەبەرئەوەی جنابی دیکتاتەر بیریان بۆ دەکاتەوە.
خاوەنی ئەم جۆرە بیرکردنەوەیە جگە لەوەی بیرکردنەوەیەکی فاشیانەیە، گوێی خۆشیان کەڕ و کاس کردووە، نایانەوێت لە جیاوازیە فکرییەکان تێبگەن، نایانەوێت لە حەقیقەتی یاریە گاوەکانی پشتی بانگهێشتکردن بۆ یەفراندەم تێبگەن.
یەفراندەم سەریش بکەوێت، دەوڵەتی کوردیش دروستبێت وەک خۆیان دەڵێن (دەوڵەتی کوردی)، هیچ جیاوازیەکی نابێت لە دەوڵەتە فاشیی و دەندەکانی نموونەی جارانی دەوڵەتە فاشیەکەی سەددام و دەوڵەتی کەمالیستەکان بۆ جارانی و ئێستاشیەوە، کە هەرچی نەشێت بۆ گەل و نەتەوەی کوردیان کرد، چونکە لەسەر دوو بنەما دروستدەبێت، یەکەم لەسەر بنەمای ڕەگەزپەرستی و نەژادپەرستی، دووەم، لەسەر بنەمای خەڵک و بنەماڵە، کە هەتا هەتایە دەبێت بنەماڵەیەک دەستبەسەر سەروەت و سامانی وڵات و کولتوور و عەقڵی هەموو خەڵکی وڵاتەکەدا بگرێت.

ئێستا، ئەم منوورو عەقبەڕیانەی دەوڵەتی کوردی، دیانەوێت لەسەر بنەمای هەمان دەوڵەتی کەمالیستی و فاشیەکانی جارانی سەددام ڕەفراندەم ئەنجامبدەن بۆ دەوڵەتی کوردی.
کە باشتر وابوو، ـ ئەگەر کاتی ئەم یەفراندەم و بانگهێشیە بوایە بۆ دەوڵەت ـ بە گەلەکی ستەمدیدە و زوڵم لێ کراو و دابەشکراو بەسەر چوار دەوڵەتی فاشیدا، کە سەد ساڵە لەسەر دەستی دەوڵەتە ڕەگەزپەرستو نەژادپەرستەکاندا دەچەوسێنرێتەوە، هەوڵبدرایە بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی نیشتیمانی لەسەر بنەمای پاراستنی مافی هەموو ئەو تاکانەی کە لە چوارچێوەی وڵات و دەوڵەتی کوردستاندا دەژین، هیچ جیاکارییەک نەکرێت لە نێوانی تاکەکاندا بە هۆکاری جیاوازی زمان و ڕەنگی پێست و کولتوور و نەتەوەی جیاواز، بەڵکو هاوڵاتییبوون بنەمایەکی یاسایی بوایە بۆ هوموو تاکەکان و هەموو تاکێک کە لە چوارچێوەی کوردستاندا بژی خاوەنی شکۆمەندی و ڕێز و ئازادی خۆی بێت، هیچ کولتوورێک بەی نەبێت کولتوورە جیاوازەکان

بتوانتاوە لە خۆیدا، بەکو فرەکولتوورخوازی دروستبێت لە نێوانیاندا.
کەی ئاوە لەژیک و عەقڵ لە ئێستاوە کە دەوڵەت نیە بیر لەوە بکەیتەوە کە دەوڵەتێکی نەژادپەرستی دروستبکەیت.

جگە لەمانەش، ٢٦ساڵە گەلی کوردی کوردستانی عێراق، سەرەڕای زوڵم و جیاکارییەکانی حوکمڕانە شیعەگرایییەکەی ئێستای عێراق بەرامبەر بە کوردی عێراق، دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی لەوان خراپتر و زۆر زیاتر خەڵکی کوردستان دەچەوسێننەوە و دەوتنەوە.
هەرچ تاک و کەمەگەڵێک گوێی خۆی کەکرد لە ئاستی ئۆزموونەکانی، سا ئاو ئۆزموونە چاک یان خراپ بووبێت لە ژیانیدا، تاک و کەمەگەڵێک دەردەچێت کە ناتوانێت خۆی بپارێزێت و ژیانی بەختەوەر بە خۆی دروستبکات.
٢٦ ساڵە گەلی کوردی عێراق، لە لایەن ئاو حیزب و بنەماڵانەی ئێستا بانگەشت دەکەن بە ڕەفراندەم و سەربەخۆیی، ژیانیان لە زۆرتکراوە، دەڕاوکێیانە، دەترسن لە هەرچ پێشهاتێک کە بەیان بێتە پێشەوە. هەر ئێستا لە سایەی ڕیفراندەمخوازە دەسەڵاتدارەکانی کوردستانەوە هەڕەشەی چەندین ملیار دەرلا لە خەڵکی کوردستان دەکرێت کە دەبێت بیبژێرێتەوە بە کەمپانیای دانا گاز. ئەم چ عەقڵ و لەژیکێکە دەسەڵاتێک ٢٦ساڵە بەروبووم و داهاتی خەڵکی کوردستان دەدزێت و خۆی دەوڵەمەند دەکات لەسەر حسابی کوڕەوڕی خەڵکی ڕەشووت و لەگەڵ ئاوەشدا ئەم خەڵکە ڕەشووتە بکەیت بە ژێر قەرزی دەیان ملیار دۆلارەوە و ئنجا بێیت تۆپی ڕەفراندەم و سەربەخۆیی لە بدەیت.

جیهاد محەمەد/ کوردستان

گەشتی ریفراندەم، بە شەرابی نێوت و قومـــــاری نێتەو...! ... بۆیان ئیبراهیم

بۆ ڕەچاوکردنی دۆخی سیاسی و ئابووری ئێستای هەرێم، بە خوێندنەوەی دۆخی ناوچەکەو وڵاتانی دراوسێ، بەوانین لە وجودی بنەماکانی

دەوڵەت و یاسا نەو دەوڵەتیەکان بە رێزامەندی بون بە دەوڵەت، بە ئامان لە وجودی سەرکردە ریفراندەم خوازەکان.. ئابردو ئێستایان، چانسەکانی بەدەستهێنان و دەرئنجامەکانی حکومەتانیان، بە تێگەیشتن لە دۆخی نا هەمواری گوزەرانی خەڵک و دواجار بە دیتنی دیمەنی سیاسیە بازرگان و سەرکە خسەپێنەکان و دواجار وجودی "نا"یەکی حیزبی و هاوکات جەماوەری بەرفراوان.. دەکرێت لە هەکاری سوربونی هاوئاوازەکانی ریفراندەم و ئاوازدانەرەکیان تێبگەین ، ئ تیمی ڕیفراندوم کێن؟ ئ یەک بەیەکی ئەوانەی لەم تیمەدان وەک موگناتیس زەرترین گەردو پەڵەی ناشرینی ئەنتی نیشتمانی و نەتەوەیی بەسیماو جەستەیانەوەیە، سەرجەمیان لەوانەن کە لەگەڵ هەردو چەمکی خیانەت فەساد بەجۆرێک ئاوێتە بوون وەک دوانەیەکی هاوشێوەیان لێهاتوە.. ئبا بەنمونە (مسعود بارزانی و هەشیار زێباری) وەرگرین.. بارزانی وەک مونەزری ریفراندەم و زێباری وەک سەرکی لیژنەی ریفراندەم.. بارزانی پاش دوو خولی سەرکایەتی و دوو سالی درێژکراوەو ساڵ و نیوکیتری خسەپاندن هیچ هەکارو ئامرازێکیتری مانەوەی نەماوە لەسەر کورسیەکەی، هیچ بیانو تەبریرێکی گونجاو نەگونجاو نەماوە بە مانەوە لەسەر کورسیەکەی، نە یاسا نەعورفی سیاسی و نە تەفسیرو تەئویلی یاسایی دەروەشکان و راوەژکارەکانی، ئەو بە مانەوەی بەتەنها ئەم بەهانەی ریفراندەمەی ماوە و هیچیتر، دوای ریفراندەم .. ئەو دەڵەت ئەرکی ئاگەیاندنی دەوڵەت وادەکات لەسەر کورسیەکەم بمێنمەوە تا ڕادەیەکی قیامەت. گەر بەسادەیی بپرسین بارزانی بە مانەوە لەسەر کورسیەکەی ریفراندەم نەکات.. چی بکات.؟ هەشیار زێباری ئامرازی ئەتەککردنی ریفراندەم و ئەمانجی نەتەوەیی! کە سەرکی لیژنەی ریفراندەمە ئەو کە دەکاتە خاڵی بارزانی بەزەرینەی دەنگ و لەناو ئەنجومەنی نوێنەران متمانەی لەوەرگیراوەتەوە دەزگای یاسادانان دادگایی کردوەو سزای داوە.. ئایا بەسەرەککردنی گەندەڵی لەخەمی چارەنوسی نەتەوەیەکدایە یان سوکایەتی بە نەتەوەو ئامانجی سەدان ساڵەی نەتەوەیەک..؟ بارزانی بە زێباری کرد بەسەرکی لیژنەکە…؟ بە ئەوەی کەسرەت ڕەسوڵ و مەلا بەختیار و …چەندینیتر بکاتە شاگرد و بەردەست و ئەندامی لیژنەکەی ، کە وشیار زێباری گەورە دەستپیس بووە سەرکی لیژنەکە ئیدی ڕەژانە دەیان نوسەرو قەڵەمی دەرباری دەبەت بەشان و باڵیدا هەڵبەن، گەر زەر بەسادەیی بپرسین تەنها بە ڕەزگرتن لە ئامانجی لەمەڕینەی سەربەخۆیی نەدەکرا بارزانی کەسکیتری بکردایە بەسەرکی لیژنەکە..؟ ئایا هاوئاوازەکانی بارزانی بەتایبەت (کەسرەت ڕەسول و مەلا بەختیار) نەدەکرا یەکەکیان ببونایە بە سەرکی لیژنەکە؟ ئ★

هەیمەنەی وڵاتانی دراوسێ و هەیبەتی ئاوازدانەرو هاوئاوازکانی..! هەرەم لەساڵی ١٩٩١ و لە سەروەختی ئاودیوکردنی یەکەم شۆف و محاویلەی کارباوە بە هەیبەت و بە سیادەترین ڕگروپ و حکومەانی سەر زەویین، تا ئێستاش ئەم جوگرافیا زەلیلە مەیدانی تەراتێنی میتی تورک و ئیتاعاتی ئێرانە، تا ئێستا ئەم دەسەاتە ئەتککراوە کلک و سەبەرو موتیعی سیاسەت و بیرکەی تورک و فارسە، مەیدانی بنکە سەربازی و سیخوڕکانی ئەوانە، ئەم دەسەاتە مارکراوە زەر بە هەیبەتترە لەوەی جورئەتی جەنگی سەربەخۆیی هەبێت لەبەرامبەر تورک و فارس. ٭

سەربەخۆیی و یاسا نەودەوەتیەکان.! ڕکاتێک ئاڵای کوردستان دەچێتە ڕیزی ئاڵای دەوەتان و دەبێتە ١٩٤ مین دەوەتی ئەندام لەنەتەوە یەکگرتوەکان، بە تەنها سێ مەرجە نەو دەوەتی پێویستن، وەک (بونی خاک و خەڵک، دەسەاتێک بە بەڕێوەبردن، دانپێدانانی نەو دەوەتی) ئیدی لەو سێ مەرجەدا هیچ وابەستەییەک بە ریفراندەم و گشتپرسیەوە بونی نییە، ریفراندەم دەکرێت لەهەرەم (ڕۆژنامەی ئاونە ئەنجامی بدات)، یان (ڕکخراوەکی کەمەگای مەدەنی) ئەسەن یەکێتی قوتابیانی پارتی و کەمەی خوەندکارانی یەکێتی دەتوانن ئەنجامی بدەن.! کەناڵی (rudaw nrt) دەتوانن، ڕ ریفراندەم (لەسوید ئەنجامدرا بە فرەشتنی شریکەی ئەپسلود "ڤەدگا" ، (لە ئەمانیا بە ڕاکێشانی سکەی قیتار).. ئایا ریفراندەم..؟ گەر زەر بەهایە بە کاریان بە دەرەنجامی ریفراندەمی ساڵی ٢٠٠٥ نەکرد؟ ٭ ریفراندەم (گەل و دەسەات) لە دنیادا دەسەاتێک جورئەتوو روی ریفراندەمی هەیە کە گەلەکەی تەرو خۆش گوزەران بن، بە شایی نەوان گەل و دەسەات لەهەرەم سنوری تێپەاندوە، ئەم دەسەاتەی هەرەم بەسومعەترین جەری دەسەاتە لەسەر زەوی، ڕوو قایمیەکی گەورەیە کە ئەمانە باس لە ریفراندەم دەکەن بە پشتگیری جەماوەری لەهەرپرسێک کە ئەم دەسەاتە بە دەنگدانی خەڵکە بسپێرێت.. بەتەنها گرەنتی لە تەزویرو فاوڵی ئینیخابیدایە، بەکورتی دەسەاتێکی تەزویرچییەو ریفراندەمکی مەزور ئەنجام دەدات، ئابوری هەرەم و دەمامکی ریفراندەم زیاتر لە سی ملیار دەلار قەرزی قومارو دوا گرەبەستی بیست ساڵەی ڕوسنەفت.! بەچی دادەپێشرێت و چۆن لەبیر خەڵک دەبرێتەوە؟ کام کارتی سیاسی و ئابوری و کەمەایەتی دەتوانێت لە گاتەجاری ریفراندەم بەهەزترو گونجاوتربێت.؟ هەژاری و بەکاری و بە خزمەتگوزاری و بە موچەیی کە کوشندەترین دەردی کەمەایەتییە… بە ریفراندەم نەبێت کام گۆشە نیگای سیاسی دەتوانێت بە ماوەیەک لەبیر خەڵکی ببات تەوە.؟ ٭ ریفراندەم و سیاسیە جامبازەکان.؟ دەستبژێری حکومەانی هەرەم چین لە باندەکی تاجرو جامبازی خەسپێن

زیاتر؟ کام لە ئاوازدانەرو هاوئاوازەکانی چەندین پرۆژەی بازرگانی ناشەرعی و نایاسایی نییە؟ کە دەتوانێت لەو پەڕەدا جنسەکی نامە بە گەندەڵی و بە فەسادی سیاسی و ئەخلاقی بە خەڵک بناسێنێ و پیشانبدات؟ ⋆

ریفراندەم و دوکانە سیاسیەکان؟

سەرۆک لەمەوبەر هەڕەتازەکەی حەمەی حاجی مەحمود یەکەم موچەیان لە پارشەودا وەرگرت، ئێستاش سەر دەرناکە بەچی هەڕەتازەکەی کاکە حەمە لە پارشەودا موچەکانیان وەرگرت، دەیان پارتی سیاسی کە بە هەمویان کورسیەکی پارلەمانیان نییە چۆن و بۆچی لەدەوری ئەم گاڵتەی ریفراندەمە کۆبونەوە.؟ حیزبیان تیایە بەتەنها باوکەک و کوڕەکانیەتی.. بە گومان هەکاری زۆر سادە پارشەوە موچەکەی هەڕەنوکەی کاکە حەمەیەو ئەمە بە حیزبەکانی تریش ڕاستە.

مانیفێستی "سۆسیالیزمی ئینتەرناسیونال" بەکوردی دەستی بەکارکردن کرد

بە سەردانیکردنی ئەم مانیفێستە کلیکی ئێرەبکەن .....


سۆسیالیزمی ئەنتەرناسیونال
International Socialism
SRCK
ناوەندی لێکۆڵینەوەی سۆسیالیستی - کوردستان